گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/art039.a1887

ڕێـكـەوتـی وەرگـرتـن: 01/10/2023
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 04/09/2023
ڕێـكەوتی بڵاو كردنەوە: 29/06/2025

# بڵاوبونەوە و نیشتەجێبونی عەرەب لە هەرێمە كوردنشینەكان(16-232ك/637-749ز).

**زرار صديق تۆفیق[1] - طه رجب حمد[2]**

Taha.hartaly@uor.edu.krd - Zrar.stawfiq@uod.ac

[1+2]بەشی مێژو، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی دهۆك، دهۆك، هەرێمی كوردستان، عێراق.

## پوختە

دوای كۆتایی هاتنی پرۆســەی فەتحكردنی هەرێمە كوردنشــینەكان لەلایەن عەرەبە موســڵمانەكانەوە، كە لە ســاڵی (16ك/637ز)، دەستییپێكرد و پازدە تا بیست ساڵێكی خایاند و دواتر بون بە بەشێك لە قەڵەمڕەوی خیلافەی ئیسلامی، لەلایەن بەرپرسانی خیلافەتەوە كە هەرە زۆریان هەر عەرەب بون، بەڕێوەدەبران.

یەكێك لەئاكامەكانی ڕەوشی نوێی ئەم هەرێمانە، بڵاوبونەوە و نیشــتەجێبونی ژمارەیەكی زۆری لە تیرە و خێڵ و بنەماڵەی عەرەبیان بەخۆوەبینی، بەتایبەت ئەوانەی كە جەنگاوەربون و هەر لە دەمی فتوحاتدا هاتبون و بەپێی شــەرعی ئیســلامی، خاكە فەتحكراوەكانیان بە موڵكی حەڵاڵی خۆیان دادەنا، وێڕای ئەم هۆكارە چەند هۆكارێكی دی ئابوری، جڤاكی، سـیاسی، خێڵەكی بونە پاڵنەری و هاوكاری ئەم پرۆســەیە، كە لە بەشی یەكەمی تێزەكە بە درێژی و پاڵپشــت بە دەق و نمونەی ناو سەرچاوەكان باسكراون.

ئەم لێكۆڵینەوەیە، تەرخانكراوە بۆ ئاخافتن لەســەر ئەو تیرە و بنەماڵە عەرەبانەی، كە هەر لە فەتحی ئیســلامییەوە، تا كۆتایی سـەردەمی ئومەوی(40- 132ك/661- 749ز)، لە شـار و باژێر و گوند و دەڤەرە كوردنشـینەكان نیشـتەجێبون و تاڕادەیەك بە وردی و بەگوێرەی زانیاری بەردەست ناسنامەیان و دەستنیشـانی ئەو شوێنانەكراوە، كە لێیان نیشتەجێبون و سەرەتا بە كورتی لە ناوی هەر هەرێمێك كۆڵراوەتەوە و سنوری دیاریكراوە.

سـەبارەت بە پلانی ئەم بابەتە، دەكرا بەچەند شێوازەك دابڕێژرێت و بابەتەكە بەسە تەوەرەكاندا دابەشبكرێت، بۆ نمونە پلانەكە بەپێی چوارچێوەی زەمەنی بكرایە، یان لەسـەر ئاسـتی بنەماڵە و هۆزەكان، بەڵام پێمانوابو سروشـتی بابەتەكە و ڕەوشی ڕوداوەكان وای دەخواسـت، بابەتەكە لەسـەر بناغەی هەرێمەكان بەسـەر چەند تەوەرێك دابەشبكرێت، چونكە هەر هەرێمێكیان لە چۆنییەتی فەتحكردن و ڕێژەی نیشتەجێبونی عەرەب، تایبەتمەندی خۆی هەیەو لە وانیتر جیاوازە.

كلیلە وشەكان: مێژوی كوردی ئیسلامی، هەرێمە كوردنشیەكان، نیشتەجێبونی عەرەب.

# Spread of Arab Inhabitants in Kurds Populated Regions (16-232A.H\637-749A.D)

**Zrar Sdiq Tofiq[1] - Taha Rajab Hamad[2]**

[1+2] History department, College of Human Sciences, University of duhok, Duhok, Kurdistan regin, Iraq.

## Abstract

After the end of the process of conquering Kurds inhabitant cities and regions, and their being part of the Islamic state, they were run by the governors, leaders and Islamic Caliphate authoritative, that most of them were Arabs .

One of the new features of the new situations in these regions was that a great number of tribes, clans and families who were affiliated to different Arab tribes, were settled in these regions. Specifically, those who were fighters and came during the conquering period based on the Islamic Sharia. The conquered lands were recognized as their own legitimate lands. It seems that despite this reason, there are many other economic, social, political, tribal, factors that played their own role in the process of inhabitation, which has been explained in details based on the contexts and examples mentioned in the resources

This research is assigned to talk about those Arab tribes and families who were inhabited in the Kurds residential regions from the beginning of Islamic conquer to the end of Amawi period, this has been fairly explained in detail according to existing data to categorize their identity and residential places.

Keywords: Islamic Kurds History, Kurds Inhabited Regions, Arabs Population.

## پێشەكی:

ئەنجامدانی لێكۆڵینەوە، لە دانیشـــتوان و پێكهاتەكانی هەر شـــوێن و ســـەردەمێك گرنگی خۆی هەیە، بەتایبەتی كە توێژینەوەكە تایبەت بێت بە بڵاوبونەوەو نیشـتەجێبونی عەرەب لە ناوچە كوردنشـینەكان، كە بابەتێكی پێویسـتە و تاكی كوردی كەمترین زانیاری و ئاشنایەتی لە بارەوە هەیە، هەرچەندە پێشتر كار لەسەر ئەم بابەتە كراوە، بەڵام ئێستاش ئەوە هەڵدەگرێ، كە زانیاری زیاتری لە بارەوە بخرێتەڕو.

ئەم توێژینەوەیە تیشــك دەخاتە ســەر پرسی بڵاوبونەوەو و نیشــتەجێبونی ڕەگەزێكی بێگانە بۆ ســەر خاكی كوردان، كە عەرەبەو ئەم پرۆســەیە، ئەوەی تایبەتە بە ســنوری كارەكەمان لە ســەرەتای فەتحی ئیســلامی دەگرێتەوە تاكو نیوەی یەكەمی سەدەی سێیەمی كۆچی، هەروەها ئامانجی هاتنی فاتیحەكان بۆ ناوچە كوردنشینەكان دەخەینەڕو، لەگەڵ ڕێژەو جۆری نیشــتەجێبونیان، لەلایەكیتر بە وەســتان لەســەر نمونەكان كەم تا زۆر دەربدەخەین، كە نیشــتەجێبونیان چ گۆڕانكارییەكی بەسەر دانیشتوان و ناوچە كوردنشینەكان هێناوە، بەتایبەتی لە بیناكاری كۆشك، بازاڕ، لەگەڵ ئەو زەویە كشتوكاڵیانەی، كە بونەتە موڵكی فاتیحە مسوڵمانەكان یانیش ئەوانەی خۆیان بنیاتنیان ناون...، لەگەڵ بواری سیاسی و كۆمەڵایەتی...

ئەم توێژینەوەیە، لە سێ باسی ســەرەكی پێكدێت، كە باسی یەكەم تایبەتە بە نیشــتەجێبونی عەرەب لە هەرێمی جەزیرەو بەراورد بە هەرێمەكانیتر زۆرترین ژمارەری عەرەبی لەخۆگرتوە، باسی دوەم تایبەت بە نیشـــتەجێبون لە هەرێمی چیاكان، باسی كۆتایی تایبەت بە نیشـتەجێبونی عەرەب لە هەرێمی ئازربیجان. لە هەر یەكە لەو هەرێمەكانەی كە باسـمان كردن ناسـاندنێكی كورت بۆ هەر یەكەیان دەكەین و بە كورتیش ئاماژە بە چۆنییەتی فەتحكردنیان دەكەین، چونكە توێژەری تر كاریان لەســەر ئەو بابەتە كردوە، هەروەها دەربارەی نیشــتەجێبونی عەرەب لە هەر یەكەیان، بابەتەكان هەندێكجار لە هاتنی چەند بنەماڵەیەكدا بون، كە ئەمەش زیاتر لە هەرێمی جەزیرە و ئازربیجان بەدیكراوە و هەندێكجاریش دەســەڵاتدارانی خەلافەت بە بڕیار خەڵكانی خۆیان لە ناوچە فەتحكراوەكان نیشــتەجێكردون، لەگەڵ ئەوەدا ســەركردە سەربازییەكانیش قەڵاو شوێنە قایمەكانیان كردۆتە نشینگەی خۆیان و ئەمەش لە هەرسێ هەرێمەكە بەدیكراوە، لەگەڵ چەندین جۆری تر كە لە توێژینەوەكە زیاتر بە دەردركەوون.

لەم توێژینەوەدا پشــت بە چەندین ســەرچاوەی ڕەســەن و ژێدەری جۆراوجۆر بە ســتراوە، كە لە لیســتی ســەرچاوەكان ئاماژەیان پێكراوە.

### باسی یەكەم: بڵاوبونەوە و نیشتەجێبون لە هەرێمی جەزیرە:

جەزیرە، یەكێكە لە هەرێمە گەورە و ناسراوەكانی خیلافەی ئیســـلامی و بۆیە بەم ناوە ناوندراوە، چونكە ئەو ناوچانەی دەگرێتەوە كە دەكەونە نێوان هەردو ڕوباری دیجلە و فوراتەوە. (القزوینی، د.ت: 351؛ القطیعي، 1412هـ: 331/1)، هەروەها ئەو ناوە لە سەردەمانی پێش ئیسلامیش هەبوە و لە سەرچاوە سریانییەكان، بە چەند جۆرێك هاتوە و دواتریش بە (اقور)[i]و چەند ناوێكی تر ناو زەندكراوە. (یاقوت الحموی، 1995 :238/1)، بەڵام ئەوەی ســـەلمێندراوە و لە سەرچاوەكاندا هاتوە، زیاتر و بەشێوەیەكی فەرمی بە جەزیرە ناوندراوە[ii].

سەبارەت بە دیاریکردنی سنوری هەرێمی جەزیرە[iii]، هەرچەند لەلایەن گەڕۆکەکان چەند شارێك خراوەتە ناو سنوری هەرێمی جەزیرە، کە لە دەرەوەی ئەم ناوچانە بون و کەوتونەتە ڕۆژهەڵاتی دیجلە و ڕۆژئاوای فوراتەوە، بە هەرحاڵ سنوری هەرێمەکە بەو شێوەیە جێگیرکراوە، کە لە باشورەوە تا قەڵای تکریت لە کەناری دیجلە و باژێڕی هیت لە کەناری فورات درێژ دەبوەوە و هێڵی وەهمی نێوان تکریت- هیت دەبوە سنوری نێوان جەزیرە و عێراق و هەردو هەرێمەکەی لە یەکتر جیا دەکردەوە، هەرچی لە باکوریشەوە هاوسنوری ئەرمینیا و وڵاتی ڕوم بو. (ابن حوقل، 1938: 207/1؛ القزوینی، د.ت:351) کە وەك کەلێن(الثغر)ی دەوڵەتی ئیسلامی بو. (المقدسي، 1991: 136).

دیارە جەزیرە هەرێمێکی بەرفراوان بو و دەیان شارو باژێرو ناوچەی لەخۆدەگرت، ئێمە لێرە زیاتر مەبەستمان ئەو شارو باژێڕانەیە، کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کورد بون و ناوچەکە لە ڕوی مێژوییەوە بە بەشێك لە کوردستان دادەندرا و دیارترین ئەم شارانە ن کە بریتین لە :(آمد، نەصیبین، جزیرة ابن عمر، سنجار، میافارقین، سعرد، الحسنية، داقوق، باجرما ماردین، أرزن.... (المقدسی، 1991: 136؛ یاقوت الحموی، 1995: 134/2؛ زرارصدیق،2020: 26).

وادیارە لەکاتی هاتنی عەرەبە فاتیحەکان بۆ جەزیرە، وێڕای شارە ناسراوەکان هەندێك قەڵا و شارۆچکە و گەورەدێ هەبون، لەوانە: المرج، حیانا[iv]، باهدرا، باعدرا- باعذرا، داسن[v]، حزەی نزیك هەولێر.(البلاذري، 1988: 323)، هەروەها خفتون[vi]، کفرتوثا[vii]، بازبدی، زۆزان، ئەم شوێنانە لەمیانەی باسکردنی پرۆسەی فەتحی هەرێمەکە یان لە هەوڵەکانی دو سەدەی یەکەمی کۆچی ناویان هاتوە(البلاذري، 1988: 322،176؛ قدامة بن جعفر، 1981: 381).

سەبارەت بە ساڵی فەتحکردنی ڕای جیاوازی هەیە[viii] زانیاریەکان بەسەر ساڵانی(17ك/638ز، 18ك/639ز، 19ك /640ز) دابەشبون. (زرارصدیق، 2020: 26)، بەڵام زیاتر بە لای ئەوەدا دەچن، کە زۆربەی پرۆسەی فەتحی هەرێمەکە لە ساڵی(18ك/639ز)بوە. (البلاذري 1996: 74/11؛ البخاری، 2019: 39/8)، چونکە بەپێی ئەوەی(ابی عبیدە بن الجراح (18ك/639م)، لە قوڵی شامەوە بەرەو فەتحی هەرێمی جەزیرە هاتوەو دواتر بەهۆی نەخۆشی لاڕەشە لە ساڵی(18ك/639ز) کۆچی دوایی کردوە و لە جێگەی (عیاض بن غنم(م:20ك/641ز) داندراوە. (البلاذري، 1988: 141؛ ابن سعد، 2001: 41/5؛ الیعقوبی، 1425هـ: 104)، ئەویش چ بە شەڕ و چ بە ڕێککەوتن سەرجەم شارو گوندەکانی هەرێمەکەی فەتحکرد. (الکلبي: 1986: 484؛ الخطیب البغدادی، 1417هـ: 537/1؛ ابن عساکر، 1995: 264/47)).

دەربارەی شێوازی فەتحی هەرێمەکە، بەپێی زانیاری سەرچاوەکان، زۆربەی ناوچەکانی هەرێمەکە بە ئاشتی فەتحکراون. (ابن زنجویة، 1986: 473/2). کە دوای ئەوەی فاتیحەکان شارەکانیان گەمارۆداون، بە وەرگرتنی سەرانەو باج لە لەگەڵ خەڵکەکەی ڕێککەوتون، کە خۆیان بەدەستەوە بدەن[ix].

ئەوەی ئاشکرایە نیشتەجێبونی عەرەب لە هەرێمی جەزیرە بەشێوەیەکی گشتی، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی پێش ئیسلامو ئاشکرایە کۆچەرانی عەرەب لەمیانەی ڕایەڵەیان لە نێوان هاوینەهەوار و زستانە هەواردا، دەگەیشتنە دەشتەکانی هەرێمی جەزیرە و تێیدا دەمانەوەو(السلیمان، 1985: 35) بۆیە دەبینین لە سەرچاوە ڕۆمانی و بێزەنتی و ئیسلامیەکانیش ئاماژە بە (عربایا و باعربا) کراوە[x] کە بە مانای (بلاد العرب)- وڵاتی عەرەب دێت. (السلیمان، 1985: 35).

لە هەواڵەکاندا، چەندین جار ئاماژە بە نیشـــتەجێبونی هۆزەکانی قیس و تغلوب و شـــیبان لە جەزیرە کراوە، کە بە چڕی بڵاوبونەتەوە، بەڵام کێشـــە لەوە دایە، نازاندرێ، لە چ شـــوێنێکی هەرێمەکە بڵاوبونەتەوە، زۆربەی هەواڵەکان گشـــتین و جەزیرەی بەرفراوان بە یەك شـــوێنی جوگرافی حیســـاب دەکەن و بە دەگمەن باسی شـــوێنێکی دیاریکراوی هەرێمەکە دەکەن، بۆیە ئێمە لێرە زۆرجار تەنها وەك جەزیرە باسی دەکەین، بەڵام دەزانین جاری وا هەبوە ناوچە کوردنشـــینەکانی گرتۆتەوە، بۆ نمونە هەواڵێك ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە (قضاعة) و چەند خێڵێکی تری عەرەب لە سەردەمی جاهیلی لە آمد[xi] و میافارقین[xii] و چەند جێگایەکی تری جەزیرە گیرساونەتەوە و بەم بۆنەوەیەوە شاعیرێکیان گوتویەتی:

ألا لله ليل لم ننمه ... على ذات الخضاب مجنبينا

وليلتنا بآمد لم ننمها، ... كليلتنا بميافارقينا. (ياقوت الحموى، 1995: 57/1).

واتا: بۆ خوا شەوێک هەیە تێیدا نەخەوتوین...لەگەڵ ژنێک کەلەکەمان وێکنەکەوتوە

شەوەکەمان لە ئامەد نەخەوتین، هەر وەک ئەو شەوەمان کە لە میافارقین بوین

لەو ســـەردەمەی تایبەت بە توێژینەوەکەمان، بەهۆی ئەوەی هەرێمەکە درێژبونەوەی عێراق و شـــامە و ســـەرجەم ئەم ناوچانەش تارادەیەك هاوکەشوهەوان، هەروەها لەو سەردەمەدا سنورێکی سروشتی جیاکەرەوەی وەك چیا، یان ڕوبارێکی مەزنی یان لەمپەرێکی ســـیاسی وا نەبو ببیتە ڕێگر و ئاســـتەنگ لە پێش هاتوچۆی هۆزە کۆچەرەکان، بۆیە چەندین تیرە و خێڵ وماڵباتی عەرەبی لە هۆزەکانی (مضرـــ و بكر و ربيعة) دەهاتن و بە تایبەتی لە هاوینان ڕوویاندەکردە کوێســـتانەکانی هەرێمی جەزیرە و دەیانکردە هەواری هاوینەیان.(زرار صـــديق،2020: 40). بۆیە ئەم هەرێمە لەلایەن گەڕیدەو جوگرافی ناسـانی مسـوڵمانان کراوە بە سێ بەشـەوە: ديار ربيعة، ديار مضرـ و دياربكر) دەگرێتەوە. (المقدسي، 1991: 136؛ ابن حوقل، 1938: 7/1، 225/1؛ ياقوت الحموى، 1995: 494/2؛ ابن شداد: 1431: 112) بەهۆی ئەوەی کە شوێنی لەوەڕاندنی مەڕ و ماڵاتەکانیان بو و لە زمانی عەرەبشـــدا، وشـــەی دیار بە مانای هەوار دێت (الازهرى، 2001: 294/2؛ الصـــاغانى: 1970، 268/1)،دەتوانین بڵێین دیاربکر زیاتر ناوچە کوردنشـــینەکانی دەگرتەوە کە (بلاد دیار بکر) ناوی هاتوە ناوەندەکەی شـــاری آمد بو. (الهمدانى، ١٨٨٤: 136،132؛ ابن حوقل، 1938: 7/1؛ المقدسى، 1991: 137؛ القزوينى، د.ت: 351)، بۆیە دەبینین لەســـەردەمی ئیســـلامی هۆزە عەرەبەکان زیاتر لە هەرێمی جەزیرە بڵاوبونەوەو لێرە پاشخانێکیشیان هەبوە و بە ناوچەکە ئاشنا بون.(السليمان، 1985: 35)، هەروەها بەهۆی ئەوەی هەرێمەکە زیاتر بە ئاشـــتی و بەخشـــینی ســـەرانە فەتحکراون. (خليفة بن خياط، ١٩٩٣: 65)، ئەمەش هۆکارێکی ترە کە بۆتە هۆی ئەوەی ڕێژەی عەرەب لە سەرلەبەری هەرێمەکە بەگشتی و بە ناوچە کوردنشینەکان بەتایبەتی بە زەقی تێبینی بکرێت و شار یان بازێڕێك نەبێت، کە هۆزێك یان زیاتری عەرەبی لێ نیشتەجێنەبوبێ.

دوای کۆتایهاتنی فەتحکردنی زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی جەزیرەو بونی بەبەشـــێك لە دەوڵەتی ئیســـلامی، فاتیحە مسوڵمانەکان، دەسەڵاتی خۆیان چەسپاندو بەشێوەی ناوچەکانی تر ڕاستەوخۆ، پرۆسەی بڵاو کردنەوەو نیشتەجێکردنی عەرەب دەســـتی پێکرد.(ابن الاثير: 1999: 2/ 326؛ ابن العديم: 2016؛ 242/1) وەك زاندراوە (هرثمة بن عرفجة البارقي(م: 34ك/654ز)، بە پێشـەنگی ئەوکەسـانە دادەندرێت، کە ڕابو نەخشـەی موسـڵی کێشـا و بە بەرنامە بەسـەر هۆزە عەرەبەکانی دابەشـکرد و نیشـتەجێیکردن و زەویەکانی دەوروبەری و بەخشـینەوەی بەسـەریاندا، دیارە ئەم بنەماڵە و

هۆزە عەرەبانە یاوەری بون و پشـــکدارییان لە فەتحی هەرێمەکە کردبو. (البلاذري، 1988: 323؛ قدامة بن جعفر،1981: 382؛ ابن الفقيه، البلدان، 1996: 177).

لەلایەکیترەوە وا دیارە ئەو هۆزە عەرەبانەی وا لە موسـڵ نیشـتەجێکران، بەشـێکیان هۆزی خەزرەج[xiii] بون کە دواتر مزگەوتێکیان لە شـــارەکە بنیادنا کە هەر بە ناوی خۆیانەوە ناسرا و بەپێی بۆچونی مێژونوســێکی هاوچەرخ ئەوە یەکەم مزگەوت بوە لە موسڵ دروستکراو و بە مزگەوتی خەزرەجییەکان ناسرا.(القس سليمان، 2013: 1/ 84).

هەروەك پێشـتر ئاماژەمان پێکرد، دوای ئەوەی (عياض بن غنم) شـارەکانی بلد و سـنجاری فەتحکردن و سـەرانەی بەســەر خەڵکەکەدا ســەپاند، ژمارەیەك عەرەبی لە هەردو شــارەکە نیشــتەجێکرد (قدامة بن جعفر،1981: 314) و دەکرێت بڵێین ئەم ســیاســەتە لە زۆربەی شــارەکان پیادەکران و تا وای لێهات دانیشــتوانی هەرێمەکە بونە دو بەش: عەرەب و عەجەم و (الوليد بن العقبة) بۆ ڕاییکردنی پێداویســتی و کاروباری عەرەبەکانی هەریمەکە دانرا. (الطبري، 1969: 273/4، ابن الأثير، 1999: 357/2).

هەر لە ڕۆژگاری فەتحکردنی جەزیرەدا، (عياض بن غنم) سەرکردەیەکی بە ناوی (صعصعة العبدى(م:70ك/689ز) لەســەر شــاری ئامەد دانا، ئەویش پێنج ســەد کەسی لە ئامۆزاکانی خۆی و عەرەبی دی لەوانەی لە خزمەتی دابون، لە شـارەکە نیشـتەجێ کرد (الواقدی، 1997: 152/2؛ برهان حنا ايليا، 2008 : 78)و پاش ئەوەی شـاری (رأس العين) فەتحکرا، عەرەبە فاتیحەکان سـودیان لە زەویەکانیان وەرگرت و بە شـێوازی اقطاع بەکاریان هینان. (البلاذري، 1988: 177).

کەسایەتییەك بە ناوی خالید لەگەڵ ئامۆزاکانی و پیاوانی هۆزەکەی، لە دەڤەری زەبیدی وڵاتی یەمەنەوە هاتنە سنجار و بە یەکجاری تیایدا نیشــتەجێبون و پاش ماوەیەك بیری وڵاتی خۆیان دەکەنەوە و بە شــیعر گوزارشــت لە ســۆزو خۆشەویستی خۆیان دەکرد:

أيا جبلي سنجار ما كنتما لنا ... مقيظا ولا مشتى ولا متربّعا

ويا جبلي سنجار هلّا بكيتما ... لداعي الهوى منا شتيتين أدمعا

فلو جبلا عوج شكونا إليهما ... جرت عبرات منهما أو تصدّعا

بكى يوم تلّ المحلبية ضابىء ... وألهى عويدا بثّه فتقنعا». (الخالديان، 1995: 92؛ الزمشخرى، ١٤١٢ : 298/1؛ ياقوت الحموى، 1993: 1230/3)،

واتا ئەی شاخەکانی سنجار هیچ کات ئێوە نەبون بۆ ئێمە.... بە هاوینەهەوار و زستانە هەوار و شوێنی مانەوە

ئەی شاخەکانی سنجار دە بۆمان بگرین...... بۆ خواستی ئەوین کە لە یەکتر جیاین فرمێسک بڕێژن

ئەگەر سکاڵامان بردبوا بۆ هەردو شاخی (عوج) دەگریان یا لەت لەت دەبون.

ڕۆژی گرد محلبی (ضابئ) گریا، (عويد) یش کچەکەی خافڵاند و قەناعەتی بە خۆی هینا

لە درێژەی نیشتەجێکردندا، لە سەردەمی خەلیفە عثمان بن عفان(24- 34ك/645- 654ز) چەند تیرەیەکی عەرەب لە ناوچە ســنورییەکانی هەرێمی جەزیرە نیشــتەجێکران(ياقوت الحموى، 1995: 328/1)، هەروەها معاويه بن أبى ســفيان(م:60ك/679ز) کە والیی شــام بو، بۆ پتەوکردنی پێگەی موســڵمانان لە ناوچەکە، بڕیاریدا هۆزە عەرەبە کۆچەرەکان لە شــوێنە چەپ و لاڕێکان و دور لە شــار و ئاوەدانی نیشــتەجێبکات و ڕێگای پێدان زەوییە بێ خاوەندەکان

ئاوەدان بکەونەوە و بەناوی بهێنن و ئەم سیاسەتەی لە دیار ڕەبیعە و دیار مضر جێبەجێ کرد و هۆزەکانی تمیم و قیس و أسـدی نیشـتەجێ کرد و تیرە و خێڵەکانی ڕبیعەشی لە هەواری خۆیان جێگیر کرد. (یاقوت الحموی، 1995: 328/1، 40/5).

جاری واش هەبو، بەهۆی شـەڕ و ململانێکانی خەلیفە علی بن ابی طالب(35- 40ك/656- 661ز) لەگەڵ معاویە و خەواریج، یاخود بە هۆی شـەڕی لایەنە ناکۆکەکانی خەلافەتی ئیسـلامی، کە بەرپادەبو، خەڵك ناچاردەبو ڕوبکەنە شـوێنێکی تر، بۆ نمونە دەمێك سـوپای علی کوفەی گرت و تانە و توانج لە خەلیفە عوسـمان دەگیرا، چەند بنەماڵەیەکی هۆزەکانی (بنی كندة) و (بنو احمر بن عمرو) و(بنو الحارث) و (بنو الاجذم) پێیان نەنگی بو، گوێیان لە تانەدان لە خەلیفەی کوژراو بێت، بۆیە کوفەیان بەجێهێشـت و پەیوەندیان بە معاویەوە کرد[xiv]، ئەویش لە ترسی ئەوەی نەچنە شـام و لەوێش پشـێوی دروسـت نەکەن، بڕیاریدا، کە لە شـاری نەصـیبین نیشـتەجێیان بکات. (البلاذري، 1996: 296/2)، هەروەها لەوشـارەکەدا زەوی کشـتوکاڵی بۆ دابینکرن. (الکلبی، 1988: 149/1؛ ابن سـعد، 2001: 243/6، ابن عساكر،1995: 149/40).

لەمیانەی ئەو هەواڵانەی لە شـەڕ و ئاڵۆزیەکانی نێوان خەلیفە علی و معاویە دەدوێن، دەردەکەوێ، کە عەرەب لە هۆزی (كنانة و النخع)، لەنەصیبین نیشتەجێبونە و ڕۆڵیان لە پێشهات و ڕوداوەکان گێڕاوە. (خليفة بن خياط، ١٩٩٣: 197، 253، 256؛ مؤلف مجهول، د.ت: 251؛ ابن قتيبة، 1992: 1/ 369). هەروەها عەرەبی (بنو نمير) کە لە دەوروبەری موسـڵ نیشـتەجێ بون، بەهۆی شـەڕیان لەگەڵ (بنو كلب)، شـوێنی خۆیان بەجێهێشـتوە و لە ناوچەکانی جەزیرە گیرساونەتەوە. (فائزه محمد، القس سليمان، 2013: 85/1).

سـەبارەت بە عەرەبی جەزیرە و بزاڤەکانی خەواریج: وەك ڕونە لە سـەردەمی ئومەوی، بزاڤەکانی خەواریج[xv] کەوتنە چالاکی و بون بە مەترسـییەکی گەورە بۆ سـەر دەوڵەتی ئومەوی، کە بەدرێژایی دەسـەڵاتیان، بەچەندین بزاڤی چەکداری ڕابون و چەندین شەڕ و لێکدانیان لەگەڵ سـوپای ئومەوی ئەنجامدا[xvi]، ئەگەر لە مێژوی ئەم بزاڤانە بڕوانین، دەبینین زۆربەیان لە هەرێمی جەزیرە دەرکەوتون و ئەم هەرێمە بۆتە مەیدانێکی گونجاو و لەباری بزاڤ و جموجۆڵ و چالاکییان و لەوێوە هێرشـیان دەکردە سـەر موسـڵ و یاخود لەوێوە هەڵدەکشـانە بەرزایەکانی ئەرمینیا یان دەهاتنە هەرێمی چیاو شـارەزور و هەرێمەکانی دی، ئەوەی ئاشـکرایە لە سـەردەمی ئومەوی ڕێبەری سـەرجەم ئەم بزاڤانە هەر عەرەب بون و زیاتر لایەگرانیان لەنێو هۆزە کۆچەرییەکان بون(محمد جاسـم الحمادي، 1977: 147، فائزة محمد،(د.ت):150-151).

لە ڕاسـتیدا، ئەو هۆزانەی کەوا ناسرابون، مەیلی خەواریجیان هەیە و کەمتر لەگەڵ دەسـەڵاتی ئومەوی بون و زیاتر لە جەزیرە خڕبوبونەوە و ئەمەش پاسـاوی ئەوەیە کە زۆربەی بزاڤەکان لەوێ سـەریان هەڵداوە و ئەو ناوچەیە درێژکراوەی عێراق و شامە و ئەوێیان بە نیشتیمانی خۆیان دەزانی و بە چڕی لێی بڵاوبونەتوە و هەر بۆیەش بۆتە مۆڵگەیەکی خەواریج و بە تایبەتی هۆزی شەیبان.

کاتێك سـەرکردەکانی خەواریج هەڵدەگەڕانەوە، یەکسـەر لەنێو تیرە و خێڵە عەرەبەکانی هەرێمی جەزیرە، لایەنگریان پەیدادەکرد، ئەمەش بەڵگەیەکی ڕونە لەسەر ئەوەی کە دەیان هۆز و ماڵبات و خێڵی عەرەب لەو ناوچانە نیشتەجێبون،

هەروەها بەهۆی بونی خەواریج، هەرێمەکە بە (الجزيرة الخارجية) وەسـفکراوە و دانیشـتوانەکەی وا هەژمارکراون، کە زۆربەیان خەواریجن. (ابن عبد ربه، 1404هـ : 276/7؛ سـبط ابن الجوزی، ٢٠١٣: 96/14)، هەر بەهۆی هەژمونی خەواریج و زاڵبونیان بەسەر ناوچەکەدا، چیای سنجار بە (جبل الشراة)، یان (ناحية الشراة) ناونراوە(ابن الفقيه،1996: 285)، ئەمەش زیاتر ناوچەکانی دەوروبەری زنجیرە چیاکانی سـنوری عێراق و هەرێمەکەی گرتۆتەوە. (الهمدانی، 1884: 133)، کە بەڵگەی ئەوەیە عەرەبەکانی هەرێمەکە پەیتاپەیتا پەیوەندییان بە بزاڤە خەواریجەوە دەکرد، زیادبونیشـیان بەردەوام بوە. (عطا عبدالرحمن، 2007: 239).

لە سـاڵی (66ك/685ز) (المختار الثقفی) لە ئومەوییەکان یاخیبو و چەند ناوچەیەکی جەزیرە و هەرێمی چییای خسـتۆتە بن دەسـتی خۆیەوە، ئەوەی لێرە جێگەی بایەخە ژمارەی سـەربازەکانی بە هەزار کەس خەملێندراون. (البلاذري، 1996: 396/6؛ الطبري، 1969: 39/6؛ الدينورى، 1960: 292)، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، ژمارەیەکی زۆری عەرەبی ناوچەکە پەیوەندییان پێوەکردوە.

هەوەها لە سـەردەمی خەلیفە (عبدالملك بن مروان: 65- 85ك/685- 705ز) و لە سـاڵی(76ك/ 697ز)، ڕێبەرێکی خەواریج بە ناوی(صـالح بن مسرح). (الطبري، 1969: 216/6، لە هۆزی تمیم، شـیا دەسـتبگرێت بەسـەر هەرێمی جەزیرە و موسـڵدا و لەوانەش شـاری دارا و بۆ ماوەیەك درێژە بە چالاکی خۆی بدات و ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی بنو ربیعەو خەڵکی تر لەگەڵ بون. (الطبري، 1969: 220/6).

دوای کوژرانی صـالح، جێگرێکی بە ناوی (شـبیب بن یزید) درێژەی بە خەباتی چەکداری دا [xvii] و لە نێوان سـنجار و نەصـیبین و دارا و ئامەد و داقوق چالاکی هەبوە. (الذهبی: 2006: 146/4) و خەڵکی هانداوە، لە دژی ئومەوییەکان ڕاپەڕن. (الجاحظ،1423هـ : 126؛ البلاذري، 1996: 17/8)هەر بۆ ئەو مەبەسـتە پەیوەندی لەگەڵ کوردەکانی ئەوێشدا هەبوە[xviii].

ئەوەی جێگای سەرنجە لەم بزاڤەدا، ئامادەبون و بەشداریکردنی بەڵکو سەرکردایەتیکردنی ژنانە تیایدا، لەمەش زیاتر دایکی شـەبیب کە ناوی(جهيزة) بو، پاش کوژرانی کوڕەکەی، بۆ ماوەیەك و تاکوژرانی ڕێبەرایەتی بزاڤەکەی کرد و وێرای پیاوان دوسـەت ژنیشی لەگەڵدا بو. (الاسـفراینی، الفرق بين الفرق، 1977: 90؛ الصـفدی، 2000: 59/16)، کە لەلایەن خەڵکی جەزیرە و شـارەزور و ڕۆژئاوای هەرێمی چیاوە، پشـتیوانیان هەبوەو خۆشـیان لەوناوچانە گیرساونەتەوە. (عطا عبدالرحمن، 2007: 253).

لە درێژەی بزاڤەکانی خەواریج، ساڵی(119ك/737ز)، (بهلول بن بشر الشیبانی)، لە شوێنێکی هەرێمی جەزیرە دەرکەوت و کەوتە جموجۆڵ و چالاکی سـەربازی و کۆمەڵێ عەرەبی ناوچەکە لەدەوری کۆبونەوە، ئەوەتا لە هەواڵێکدا هاتوە**"شـوێنکەوتوانی لە خزمانی خۆی و خەڵکی جەزیرە بون"** (البلاذري، 1996: 19/9)، لەگەڵ ئەوەی سەرەتا ژمارەی لایەنگرانی چل تا حەفتا کەسـێك بون، بەڵام دواتر بۆتە مەترسی بۆسـەر خەلافەتی ئومەوی، بۆیە خەلیفە ژمارەیەکی زۆری سەربازی ناردە سەری و لە شەڕێکدا لە نزیك دێرێکی هەڵکەوتو لە نێوان جەزیرە و موسڵ بەهلول کوژرا و کۆتایی بە بزاڤەکەی هێنرا. (البلاذري، 1996: 19/9؛ مسـکویه، 2000: 108/3؛ ابن الاثیر،1999: 241/4؛ سـبط ابن الجوزی، 2013: 95/11).

تا كۆتایی ســـەردەمی ئومەوی، دەركەوتنی ڕێبەرانی خەواریج درێژەی هەبوە و هەر پاش لەناوبردنی بزاڤێك ئەوەندەی نەدەبرد یەكێكی تر سەری هەڵدەدا، ئەوەتا لە ساڵی(127ك/744ز)، ڕێبەرێكی دی خەواریج بە ناوی (سعید بن بجدل) لە هۆزی(نمیر)، دەركەوت و ڕوی كردە ناوچەی مێرگ (المرج) ڕۆژهەڵاتی موســڵ (xix). لەوێش خەڵكێكی زۆر لە دەوریدا كۆبونەتەوە تا ژمارەی لایەنگرانی گەیشـــتە نزیكەی پێنج ســـەد كەســـێك (خلیفە بن خیاط، 1379ھ: 372، فائزە محمد،د.ت: 154).

لەمیانەی گێڕانەوەی بزاڤی خەواریدا، دەزانین كە كۆمەڵێك عەرەبی حومیەری(حمیر) لە ناوچەی(المرج) گیرساونەتەوە و یەكێكیان بە ناوی (أبا كرب) بزاڤێكی تایبەتی بە هۆزەكەی دامەزراندوە و دواتر خۆی و لایەنگرانی چونەتە ناو بزاڤەكەی (سعید بن بجدل)ەوە و دانی بە ڕێبەرایەتیی ناوە. (خلیفە بن خیاط، 1379ھ: 372).

سەرباری هۆزەكانی (شیبان، نمیر و حمیر)، بنەماڵە و تیرەكانی دیكەی سەر بە قەیس و تەغلوبییش لە جەزیرە بڵاوبونەوە و نیشـــتەجێبون، ئەوەتا كاتێك مروانی بن محمد والی ئەرمینیا بو و هەواڵی كوژرانی خەلیفە ولیدی بن یزید(125-127ك/742- 744ز)ی پێگەهیشــت، خۆی بۆ شـوێنگرتنەوەی دەزانی و كەوتە خۆی و داوای لە عەرەبی قیس و تغلب كرد بەیعەتی پێبدەن و سەرئەنجام دەیان هەزار كەسیان بەدەنگیەوە چون بونە پشتیوانی و لە جەزیرەوە لەگەڵیدا ڕویان كردە حـەلـەب. (خلیفە بن خیاط، 1379ھ 372؛ البلاذري، 1996 424/6؛ ابن الاثیر،1999: 409/8). تـەنـانـەت چیای ســـنجار بە هەوارگەی خەواریجەكانی هۆزی (بنو تغلب) ناوی هاتوە. (الهمدانی، 1884: 133)و زیاتر ئەوێ گۆڕەپانی چالاكیيان بوە(عطا عبدالرحمن: 2007: 242-243)و لە نەخشـــەكەی ابن حوقل(م: 367ك/977ز)دا، باكوری چیای سنجار بە هەواری ڕەبیعە داندراوە. (ابن حوقل،1938: 207/1)

لە هەواڵێكی دیدا كە دەگەڕێتەوە بۆ كۆتایی ســـەردەمی ئومەوی، باسی قەیســـیەكانی جەزیرە(قیس الجزیرة)كراوە كە لە خەلیفە مروان ڕەنجا بون و دڵیان شـــكابو. (البلاذري، 1996: 424/6) بۆیە دەمێك خەلیفە مروان بن محمد (127-132ك/744- 749ز)، كە لەبەرامبەر عەباسیەكان دەجەنگا، جگە لە (ابن حدیدة السلمي) كە برای شیریی بوە، لەگەڵ كەسێكی دی كە بەرپرسیی پۆلیسی بو، هیچ قەیسییەكی جەزیرە بە هانایەوە نەچوبون. (الازدي، 1971: 330/1). بەڵام لە كاتی بەرەنگاربونەوەی لەگەڵ لەشكری عەباسیەكاندا، باس لەوە كراوە، كە سەد هەزار جەنگاوەری لە خەڵكی شام و جەزیرە لەگەڵ بوە لە عەرەب و مەوالی. (الطبري،1969: 409/7؛ الأزدي،1971: 307/1، 318، ابن الاثیر، 1997: 393/4) . ئەمەش ئەوە دەردەخاتە كە چەند عەرەب لە جەزیرە نیشتەجێبونە، كە بەشداریان لە سوپای مرواندا كردوە.

لە ســاڵانی(128-129ك/746-747ز)، كەســێكی خەواریج بەناوی(الضــحاك بن قیس) لە هۆزی شــەیبان لە دژی خەلافەتی ستەم و سیاسەتی دەوڵەتی ئومەوی سەری هەڵدا و هەریمی جەزیرەی كردە ناوەندی چالاكییەكانی. (خلیفة بن خیاط، 1379ھ: 379؛ الطبري، الطبري،1969: 322/7)و بەپێی هەواڵێك ژمارەی لایەنگرانی بە دەیان هەزار كەس خەمڵێندراوە و گەیشـتۆتە سـەدو بیسـت هەزار كەس، دواتر لە گوندی(كفرتوثا)، لەبەرامبەر سـوپای خەلیفە مەروان دەشكێت وخۆی و هەزاران كەس لە لایەنگرانی دەكوژرێن، بە گوێرەی هەواڵێك لەنێو كوژراواندا نزیكەی هەشتسەد ژن هەبون. (ابن الاثیر، 1999: 352/4؛ ابن الجوزی، 1992: 266/7).

ئەوەی لێرە و لە بزاڤەکەی (شبیب بن یزید)بۆ ئێمە گرنگە و شایەنی سەرنجە ئەوەیە کە ئامادەبون و بەشداریی ژنان لە کار و کایەی سیاسیی لە جەزیرە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم عەرەبانە بە ژن و ماڵ و خاوخێزانەوە هاتون بە یەکجاری نیشتەجێبونە.

(عمیر بن الحباب)، یەکێك بو لە سەرکردە ناسراوەکان، ڕۆڵ و دەنگوباسی دیارە لە شەڕە ناوخۆییەکانی سەردەمی ئومەوی، ماڵ و بارەگاکەی لەسەر ڕوباری (البلیخ) بو لە جەزیرە و دەمێك کشایەوە زێدی خۆی و هۆزەکانی قەیس لەدەور کۆبونەوە، کە بەکاری دەهێنان بۆ هێرشکردنە سەر تیرە و خێڵەکانی کەلب و یەمانییەکان. (البلاذري، 1996: 59/7؛ ابن الأثیر، الکامل،1999: 366/3) ئەمەش دەیسەلمێنێت کە لەو ناوچانە، دەیان تیرەو بنەماڵەی ئەم هۆزانەلەوێ نیشتەجێبونە.

**باسی دوەم: نیشتەجێبونی عەرەب لە هەرێمی چیا و شارەزور:**

ئاشکرایە، ناوی ئەم هەرێمە بە چیا یان چیاکان هاتو، چونکە ناوچە چیاییەکان و چەند زنجیرە کێوێك، زۆربەی ڕوبەری ئەم هەرێمە پێکدەهێنن، ئەم هەرێمە لە سەردەمانی پێش ئیسلامدا، بە کوهستان دەناسرا. (الخطیب البغدادی، 1417ھ: 428/1)، کە پەیڤێکی کوردی- ئێرانییە و بە واتای هەرێمی چیا، یان هەرێمێکی فێنك دێت و ئەم ناوە لە سەردەمی ئیسلامیش هەر بەکاردەهات و پاش ئەوەی فۆرمی عەرەبی وەرگرت و کرا (قهستان). (القزوینی، د.ت: 314)، ئەم ناوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانیەکان کە بۆ ناوچە شاخاوییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان داناوە و بەهۆی ئەوە بوە،کە زۆربەی پێکهاتەی خاکەکەی کێوی بەرزی لێبوە. (زرار صدیق، 2020: 38)، بە گوتەی یاقوتی حەمەوی(م:626ك/1229ز)، لە زۆرەبەی وڵاتانی عەجەمدا، چەندین شوێن هەن، بە قوهستان ناودەبرێن. (یاقوت الحموی: 1995: 452/2).

هەروەها ناوەکەی لە زمانی عەرەبی بۆتە قوهستان و لە کوردیش دەبێتە کوێستان، کە تا پاش سەردەمی ئیسلامی و لە سەرچاوە عەرەبییەکان جاروبار بە قوهستان دێت، بەڵام وەك ئاشکرایە، عەرەبەکان، هەڵدەستان، بە وەرگێڕانی ناوە تۆبۆگرافییەکان بۆ زمانی عەرەبی و لەم ڕوانگەوە ناوی (کوێستان(قوهستان)یان کردە (اقلیم الجبال- بلاد الجبل)[xx].

سەبارەت بە دەستنیشانکردنی سنوری هەرێمی چیا[xxi]، ئاشکرایە پێشتر ژمارەیەك ڤەکۆڵەر ڕابونە بە دیاریکردنی هەرێمی چیاکان، هەروەها دیاریکردنی ئەو بەشەی هەرێمەکە، کە پتر کوردنشینن و بەشێکن لە کوردستان و چەند شارێکی دەگرتەوە. (النقشبندی، 2008: 34؛ نیشتیمان بشیر، 1994: 16-18)، هەروەها زانیارییەکان جیاوازن و ناکرێ بە شێوەیەکی ورد سنورەکەی دیاری بکەین، گەڕۆکەکانی مسوڵمانان، ڕاستە لە زۆر شتدا یەکدەنگن و هەندێ باژێر یەکلابونەتەوە، کە سەر بە هەرێمی چیان، بەڵام هاوکات لەوە جیاوازن، لەهەندێك شار، کە دەکەونە قەراغی هەرێمەکە و یەکلانەبۆتەوە کە ئایا ئەمە سەر بە هەرێمی چیان یان نا، بە هەرحاڵ دەکرێ پوختەی ئەم بۆچونانە چڕبکەینەوەو بگەینە ئەو ئەنجامەی، کەپێشتر لێکۆڵەرانی تر پێیگەیشتون[xxii].

سەرەنجام بەو شێوەیە دیاریکراوە، کە لە وڵاتی دەیلەم و هەرێمی ئازەربیجان دەستپێدەکات، تاکو خوزستان، هەروەها لە بەشی ڕۆژهەڵاتی هاوسنوری هەرێمی ئەسفەهان و فارسە، لە بەشی ڕۆژئاواش هاوسنوری عیراق و جەزیرەیە. (ابن حوقل، 1938: 427/2؛ الاصطخری، 2004: 195؛ السمعانی، 1962: 516/10).

سـەبارەت بە شـارو باژێرە كوردنشـینەكان، كە ناوەڕۆكی بابەتەكەی ئێمەیە و بەشـێك بون لە كوردسـتان، دەكرێ بڵێین، شارەكانی: دینەوەر(ماە الكوفة)، نەهاوەند(ماە البصرة)، كرمانشاهان- كرماشان، شاپور خواست، ماسبذان(ماسەبتان)، میهرجان كودك، صیمرة، سیسـەر، سـەدخانیە. (ابن حوقل، 1938: 358/2)و لە سـەرچاوەكان بە زەقی ناویان دێت و باسدەكرێن، كە زۆرینەی دانیشتوانەكەیان كوردبون.

دیارە هەرێمی چیاكان، هەرێمێكی پانوپۆر و گەورەیە و لە دەیان شـــار و باژێرو شـــارۆچكە پێكدێت، بۆیە پرۆســـەی فەتحكردنی لەلایەن مســـوڵمانەكانەوە ماوەیەكی درێژی خایاند، لە لایەكی ترەوە، لە وردەكاری پرۆســـەی فەتحكردندا بۆچونی جیاواز هەیە، بە هەر حاڵ دەكرێ بڵێین، دوای شـەڕی جەلەولا، لە سـاڵی لە سـاڵی(16ك/637ز). (الیعقوبی، 1425هـ، 104)، بەرە بەرە باژێڕەكان كەوتنە بەر شاڵاوی عەربە مسوڵمانەكان و یەك لە دوای یەك، هەندێكیان بەشەڕ و هەندێكیان بە ئاشـتی و پێكهاتن فەتحكران، هەر بەو هۆیەشـەوە سـەرجەمی شـارو گوندەكانی هەرێمی چیا بەیەكەوە فەتحكراون[xxiii]، بەڵام دەتوانین بڵێین، هەڵوێسـت لە هەرێمی چیا زیاتر دوای شـەڕی یەكلاكەرەوەی نەهاوەند لەسـاڵی سـاڵی(21ك/642ز)بو كە بە (فتح الفتوح) ناسراوە و بە بەرژەوەندی عەرەبە فاتیحەكان كۆتایی هاتوە و ناوچەكە كەوتە ژێر دەسەڵات و هەژمونیانەوە[xxiv].

هەروەها لە پرۆسـەی فەتحكردندا، چەندین شـەڕوپێكدادان ڕویداوەو خەڵكی زیاد لە باژێرێك هەڵگەڕاونەتەوە و دژی مســـوڵمانەكان ڕاپەڕیون و ئامادەنەبونە ئەو مەرجانەی بەســـەریاندا ســـەپێندراوە جێبەجێیان بكەن، وەك ســـەرانەدان، لەلایەكیترەوە هەندێك ناوچە بە شەڕ فەتكراون و هەندێكیش بە ئاشتی و بە ڕككەوتن[xxv].

دەبینین (أبو موسی الاشـــعری)، ماوەی پێنج ڕۆژ گەمارۆی دینەوەری داوە و ڕۆژێك شـــەڕی لەگەڵ خەڵكەكەی كرد و دواتر بە ڕێككەوتن لەســـەر خەراج و ســـەرانە خۆیان بەدەســـتەوە دا. (البلاذري، 1988 :300؛ قدامە بن جعفر،1981: 372؛ ابن الاثیر، 1999: 399/2. لە كۆتایدا سەرجەم شاروگوندەكانی هەرێمی چیا چ بەشەڕ چی بە ئاشتی فەتحكراون، كە بەو مەرجەی ســـەرانە و موڵكانە بدەن و لە بەرامبەردا فاتیحەكان نەیان كوژن و گیانیان پارێزراو بێت. (زرار صـــدیق، 2020: 21).

دەبینین لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ خەڵكی ماسبذان و سیروان بەئاشتی ڕێككەوتون، بەڵام دەستیان بەسەر زەویەكاندا گرتوەو بونەتە خاوەنی موڵكەكانیان. (البلاذري، 1988؛300، قدامة بن جعفر، الخراج، 1981: 372)، هەروەها لەكاتی گرتنی نەهاوەند، بەڵێن بە خەڵكەكەی دەدەن، كە لە بەرامبەر كردنەوەی دەرگاكانی قەڵاكە، خۆیان و زەویەكانیان پارێزراو دەبن، ئەوەتا یەكێك بە عەرەبە فاتیحەكان دەڵێ: "ئایا پارێزراو دەبم لەســـەر ضـــیاعەكەی خۆم. (الدینوری، ١٩٦٠: 137). داوای دڵنیایی سەروەت و سامانەكەی دەكات، كە لە بەرامبەردا گەوهەرێكی پێ نیشان دەدات، كە نرخەكەی نازاندرێت و زۆر گرانبەهابوە. (الدینوری، ١٩٦٠: 137).

ســـەبارەت بە نیشـــتەجێبونی عەرەبە فاتیحەكان لە هەرێمی چیا، دیارە ئەم پرۆســـەیە، هاوشـــێوەی گشـــت ناوچە فەتحكراوەكان، هاوتەریب بو لەگەڵ پرۆســـەی فەتحدا، ئەوان بۆ ئەوەی پێی خۆیان قایم بكەن و دەســـەڵاتی ئیســـلامی جێگیر بكەن و ڕێگەنەدەن بە خەڵكی ناوچەكە لە خۆبەدەســـتەودان پەشـیمان ببنەوە و هەڵبگەڕێنەوە، بۆیە پێویســـت بو

فاتیحەكان هەر یەكەكەیان لە شوێنێك نیشتەجێین و ئۆردوگا و پایەگا دروست بكەن، ئەم سیاسەتە لە هەرێمی چیاش پەیڕەوكراو چەند سەركردەیەكی عەرەب بە ماڵ و خاوخێزان و فاتیحەكانەوە نیشتەجێبون.

هەروەها نیشتەجێبونی عەرەب، لەم هەرێمە، پێچەوانەی هەرێمی جەزیرە، لە سەردەمانی پێش ئیسلام نەبوە، هەرچەند لە هەواڵگەلێكی لاوازدا، باس لەم بابەتە كراوە بۆ نمونە دەگوترێت گوایا شاری حلوان بەم ناوە ناونراوە چونكە شاهێكی ساسانی ئەم شارەی بەخشیبو بە حلوانی بن عمران لە هۆزی قضاعە. (یاقوت الحموی، 1995: 268/2).

لە ڕاستیدا پرۆسەی نیشتەجێبون هاوشانی فەتحی ئیسلامی دەستی پێكردوە. (فرست مرعي، 2005: 459) و دەكرێ بڵێین، تەواو هاوكات بوە، لەگەڵ تەواوكردنی فەتحكردن، كە بە سەركەوتنی یەكلاكەرەوەی عەرەبەكان كۆتایی هات جریری بن عبدالله لە هۆزی بوجەیل، پاش شەڕی جەلەولا و گرتنی حلوان و شارو شارۆچكەكانی دەوروبەری، ڕابو بە نیشتەجێكردنی بنەماڵەكەی خۆی ژمارەیەك لە خزم و كەسوكاری خۆی لە شارەكە. (البلاذري، 1988: 302؛ قدامه بن جعفر،1981: 372)، بەگەواهی (البلاذري) وەچە و نەوەی جریر تا نیوەی دوەمی سەدەی سێیەمی كۆچی/ نۆیەمی زاینی لە شارەكە مابون. (البلاذري، 1988: 295).

هەروەها (كسماداران)[xxvi]، قەڵایەكی دێرینی هەرێمی چیابو، دەكەوتە سەر ڕێگای دەینەوەر بەرەو هەمەدان هەر لەگەڵ پرۆسەی فەتحكردندا كەوەتە بەر شاڵاوی عەرەبە فاتیحەكان، ئەوەبو دەمێك لە قەڵای مێرگەوە(مرج القلعة)[xxvii]، ڕویان دەركردە نەهاوەند، تا ئامادەكاری بۆ شەڕی گەورەی نەهاوەند بكەن، ئەم قەڵایە گەمارۆدرا، ئەوەبو مسوڵمانەكان درێژەیان بە پێشڕەوی دا بەرەو نەهاوەند و سەركردەیەك بە ناوی(النسیر بن دیسم بن ثور (م:35ك/655ز)، لە هۆزی (العجل) ڕاسپێردرا، كە درێژە بە دورپێچی قەڵاكە بدا. (التمیمی، ١٩٩٣: 44؛ الطبري،1969: 330/4؛ یاقوت الحموی، 1995: 33/5)، ئەویش بەم كارە ڕابو و هێزێكی زۆری لە پیاوانی هۆزەكەی خۆی لە هۆزی حەنیفە یاوەری بون و لە دەوروپشتی قەڵاكە سەنگەریان گرت. (الكلبی، 1986: 554)، بۆیە هیچ چەكدارێكی ئەم دو هۆزە، لە گرتنی نەهاوەند و شەڕە گەورەكەی (فتح الفتوح) بەشدار نەبون و لە دەوروپشتی قەڵاكە مانەوە. (الطبري،1969: 146/4؛ یاقوت الحموی، 1995: 285/5)، ئەوەتا الكلبی(م:204ك/819ز) كە دەمێك نسیر دەناسێنێت، ئاماژە بەوە دەدات، كە خاوەنی قەڵای نسیرە. (ابن حزم، 1962: 314) و لەو ڕۆژەوە ئەم قەلایە بە قەڵای نسیر ناوزەندكرا. (التیمی: 1993: 44؛ یاقوت الحموی، 1995: 285/5). شایەنی باسە، ئەم سەركردە عەرەبە تا سەردەمی خەلیفە عوسمان لە ناوچەكە مایەوە و لە لایەن خەلیفەوە كرا بە والی ئەصفەهان و تا ساڵی(35ك/656ز) مرد. (التمیمی:1993: 44؛ الطبري،1969: 330/4).

(كثیر بن شهان بن الحصین) لە بنەماڵەیەكی ناوداری عەرەب بو و گەورە و سەرداری هۆزی (المذحج) بوە لە كوفە. (ابن سعد، 2001: 270/8؛ ابن حجر، 1415هـ: : 427/5)، حصینی باپیرەی لەسەر دەستی پێغەمبەر(د.خ) بوە مسوڵمان و هەڤاڵێكی دڵسۆزی لێدەركەوت و لە شەڕی هەڵگەڕاوەكان(حروب الردة)[xxviii] كوژرا. (ابن سعد، 2001: 270/8؛ ابن عساكر، تاریخ 1995: 32/50)، كثیر بۆخۆیشی هەرچەند یەكلا نەبۆتەوە، ئایا بۆتە هەڤاڵی پێغەمبەر(د.خ) واتا صەحابی یان نا، بەڵام لە شەڕی قادسیە(15ك/636ز) ڕۆڵی بەرچاوی گێڕا، دواتر وەك كەسایەتیەكی دیاری عەرەب، ڕۆڵی لە ڕوداوەكان هەیە و بەوە دەناسرا، كە هەوادار و لایەنگری ئومەوییەكانە و هەر لەسەردەمی ئەواندا پلە و پۆستی سەربازی و كارگێڕی وەرگرتوە، بۆیە چەند موڵك و ناوچەیەكی پێ بڕدرا، لەوانەش شاری

ماســـەبەتان(ماســـبذان) لە هەرێمی چیا، ئەویش لەوێ ڕابو کۆشـــکێکی گەورەی بنیاتنا، کە هەر بەناوی خۆیەوە دەناسرا(قصر-كثير) [xxix]، هەروەها ئەو موڵکانەی بە پشتاوپشت بۆ کوڕ و نەوەکانی مانەوە و تا سەدەکانی دواتریش، واتا تا ســەردەمی عەباسی کوڕ و نەوە و وەچەکانی لەوێ هەر مابون و خاوەن دەســەڵات و بەرپرســیاریەتی بون. (ابن ســعد، 2001: 270/8: ابن عساكر، 1995: 32/50؛ زرار صديق، 2020: 72).

ئەوەتا (زوهرة بن حارس بن منصـــور بن قیس بن کثیر بن شـــهاب) یەکێك بو لە نەوە میراتگرەکانی و زەویوزاری لە ماســـبذان هەبوە. (الكلبى،1986: 283/1؛ البلاذري: 1988: 301)، و محەمەدی کوڕیشیـــ هەر لە ماســـبذان نیشـــتەجێبوە و بەرێوەی بردوە. (ابن ســـعد، 2001: 270/8؛ ابن عســـاكر، 1995: 32/50) ئەمە وێڕای ئەوەی لە دینەوەریش کۆشکی تایبەت بەخۆی هەبوە. (البلاذري، 1988: 349؛ ياقوت الحموى، 1995: 404/5).

لەلایەکیتر دەکرێ بڵێین عەرەبە فاتیحەکان، دەمێك بەنیازی فەتح و شـــەڕی نەیارنیان، ڕویاندەکردە هەر شـــوێنێك زۆربەی جار ژن وماڵیشـــیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا، ئەمەش ڕەنگە ئەوەی لێ بخوێندرێتەوە، کە ئەمانە بەتەمای مانەوەی یەکجارەکی بونە و نیازی ئەوەیان نەبوە بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان، هەرچەند زانیاری لەســـەر ئەو پرســـە یەکجار کەمە و هەواڵەکان ئەوەندە دادمان نادەن تا زیاتر لەو پرســـە بکۆڵینەوە و بەڵگەکان بایی ئەوە نین لێکدانەوە بۆ ئەم دیاردەیە بکەین و تیشـــکی بخەینە ســـەر، بەڵام لە پەراوێزی چەند وردە ڕوداوێکەوە، ئەمەمان زیاتر بۆ ڕون دەبێتەوە، بۆ نمونە لە دەمی شـــەڕەکانی هەرێمی چیاکان و لە کاتی چونی عەرەبەکان لە کرماشـــانەوە بەرەو دینەوەر و نەهاوەند، توشی چیایەکی بەرز هاتن کە لە چەند لوتکەی نارێك پێکدەهات و بەرزی و نزمی دەکەوتەوە نێوانیانەوە، عەرەبێك دەمێك ئەم کێوەی بینی گوتی ئەوە هاوشێوەی ددانەکانی سەمیرەیە و شاش و نارێکە، بە پاساوی ئەمە ناوی چیایەکە نرا (سن ســـميرة)، ســـەمیرەش ژنێك بو لە هۆزی (بنو ضـــبة)[xxx] و یاوەریان بو. (البلاذري، 1988: 301)، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە دەچێتە پاڵ ئەو بەڵگەیەی کە- وەك پێشتر باس کرا- ئاماژە بە بەشداریی ژن کراوە لە بزاڤەکانی خەواریجەکان.

لە میانەی ئەو کەسایەتییە عەرەبانەی، کە لە زیدی خۆیانەوە کۆچان کردوە، (إدريس بن معقل العجلى)، کەسایەتییەکی دیاری عەرەب بو، لە سەردەمی خەلیفە هشام بن عبدالملك (105-125ك/724-743ز)دا، بە خێڵەکەیەوە لە کوفەوە کۆچیکرد و هاتە هەرێمی چیاکان. (البلاذري، 1988: 306؛ ابن الفقيه، 1996: 529) و لە ناوچەیەکی ناوەندی هەرێمەکە گیرســـایەوە و لە یەکێك لە گوندەکانی هەمەدان بەناوی(مس) نیشـــتەجێ بو. (البلاذري، 1988: 306) و پاشان وەك لە هەواڵێك هاتوە، لە بارزگانێکی ناوچەکە هەڵگەرایەوە و کوشتی و دەستی بەسەر ماڵ و سامانەکەیدا گرت، لەبەرامبەر ئەو ڕەفتارەی ڕەوانەی کوفە کراو ماوەیەك زیندانی کرا، بەڵام ئەمە نەبوە هۆی ئەوەی دەســـەڵات و هەژمونی بنەماڵەکەی لە ناوچەکە بپوکێتەوە، بەڵکو دواتر ناوچەیەکی بەفراوانی نێوان ئەصـــفەهان و هەمەدانی پاوان کرد و ڕەزامەندیی خیلافەی دەســـت خســـت، دوای خۆی عیســـای کوڕیی بە یەکجاری جێگیر بو و دەســـەڵاتی فراوانتر کرد و بنیاتی شاری کەرەجی دانا و جۆگا و ئاوی بۆ ڕاکێشا. (السمعانى، 1962: 66/11؛ ابن الاثير، 1980: 90/3) و شورایەکی بەدەوریدا دروســـتکرد و دەســـتی بەســـەر ناوچەکانی دەوروبەریدا گرت و ئاوەدانی کردەوە و بوە هاوپەیمان و لایەنگری خەلافەتی عەباسی، بۆیە ئەوانیش ڕێگەیان پێ داون و پۆستیان پێشکەش کردون. (ابن طيفور، ٢٠٠٢: 132، المرزبانى، ١٩٨٢: 334)، پاش خۆی قاسمی کوڕی عیسا ناودار بە(أبو دلف العجلى: م226ك /841ز) بنیاتنانی شارەکەی تەواو کرد و خزم و کەس و خێڵەکەی تێدا نیشتەجێکرد و بە شاری (كرج أبـــى دلف)ناسرا. (الكلبى، ١٩٨٨: 72/1) و خۆیشی

و بە میری کەرەج ناوی هاتوە(الكلبی، 1986: 550؛ الخطیب البغدادی، 1417: 412/12)، تەنانەت (ابی دولف) خۆی بە شاهی ساسانی دەچواند و وەك ئەو هەڵسوکەوتی دەکرد، ئەم هەڵوێستەشی لە بەیتە شعرێکیدا ڕەنگی داوەتەوە، کە دەڵێت:

"**إني امرؤ كسروي الفعال ... أصيف الجبال وأشتو العراقا"**. (ابن عبد الربه،1404هـ: 39/2؛ ابن الفقيه،1996: 483، المسعودی، د.ت: 33/1؛ یاقوت الحموی، 1993: 1705/4).

بە هەرحاڵ خۆی و براکانی ماوەی سی وسێ ساڵ ناوچەکهیان بەدەستەوەبو(ابن حزم، 1962: 313)و بەخۆیشی کەسایەتیەکی ناوداری ناوچەکە و دەمڕاست و نوێنەری خیلافەی عەباسی بوە. (البلاذري، 1988: 306؛ ابن الفقيه:1996: 529).

هەر لەمیانەی بەردەوامبونی کۆچی تیرە و بنەماڵە عەرەبەکان لە کوفەو بەسراوە بەرەو هەرێمی چیاکان و ناوچەکانی تر، لە کۆتایی سەردەمی ئومەویدا، کەسایەتیەك بە ناوی (خشرم بن مالك) لە کوفەوە ڕوی کردە ماسبدان- ماسەبەتان و لەوێ نیشتەجێ بو و هەندەی نەبرد موڵك و سامانێکی زۆری پێکەوە نا و پاش خۆی چی زەویوزارێکی هەبو بە میرات بۆ کوڕ و نەوەکانی مایەوە کە ئەوەی زانراوە تا نیوەی دوەمی سەدەی سێیەمی کۆچی/نۆهەمی زایینی هەر لە شارەکە مابون. (البلاذري، 1988: 301)، لە لایەکی تر ئەگەر لە وردەکاری ڕوداوەکانی سەردەمی خەلیفە عبدالملك بن مروان وردبینەوە، ئەو یاخیبونانەی، کەوا دەرکەوتن، وەك بزاڤی مصعب بن زوبیر(م:72ك/691ز) و موختاری ثەقەفی (الثقفی) و هەرێمی چیاکان بوە مەیدانی شەڕ و ڕوبەڕونەوەکانیان، لێرەوە بۆمان دەردەکەێت، کە ژمارەیەکی زۆری عەرەب، لەو هەرێمانە هەبونە و هەر لایەکی سیاسی، بۆ درێژەدان بە خەبات و خۆبەهێزکردنی، چەکداران و لایەنگرانی هۆزەکەی لەگەڵ بون، ئەوەتا فروه بن نوفل الاشجعی(م:41ك/661م)، خۆی و پشتیوانەکانی، چۆتە شاری حەلوان و لەوێ خەراجی کۆکردۆتەوەو بەسەر لایەنگرانیدا دابەشکردوە. (الدینوری، 1960: 211)، تا هاتوە ژمارەی لایەنگرانی زیادی کردوە(فائزە محمد، د.ت: 152).

هەروەها بزوتنەوەی (مطرف بن المغیرة(م:50ك/670ز)، ساڵی (77ك/696م) دەرکەوت و لە ڕۆژئاوای هەرێمی چیا گیرساوەتەوە، سەرەتا چۆتە حەلوان شەڕی کوردەکانی کرد و ژمارەیەکی لی کوشتن، ئەوجا چۆتە هەمەدان و دینەوەر(ماه دینار)، و لەوێ براکەی هاوکاری کردوە(ابن الاثیر، 1999: 466/3؛ ابن خلدون، ١٩٨١: 200/3.)، کە خۆی و باوك و براکانی، باشترین و دڵسوزترین کەسی بون، هەر بۆیەش چالاکیەکانی بردۆتە مەدائین و ڕۆژئاوای هەرێمی چیا. (عطا عبدالرحمن، 2007: 256)، لەوێش خەڵکەکەی هاوکاریان کردوە. (ابن الاثیر، 1999: 466/3)، لێرەدا بەدیاردەکەوێت، کە عەرەبەکان لەکاتی بەڕێوەبردنی هەرێمە کوردنشینەکان خۆیان و کەس و کارەکانیان بۆ شوینی مەبەستدار کۆچیان کردوە.

سەبارەت بە شارەزور، ئاشکرایە کە ناوێکی جوگرافی دێرینە و دەرکەوتنی بۆ سەردەمانی پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە[xxxi]، لە مێژودا زیاتر وەك دەڤەرێك دەناسرا نەك ناوەندێکی ئاوەدانی و لە ژمارەیەك باژێر و شارەدێ و گوند پێکدەهات، هەرچەند خودی یەکێك لەو شارۆچکانە هەر بە شارەزور ناودەبراکە ناوەندی ناوچەکە بو، گەڕۆك موسعەری کوڕی موهەلهەلی خەزرەجی (م390ك/1000ز) کە بە خۆی پاش ساڵی (341ك/952ز) بە شارەزوردا گوزەری کردوە دەڵێت ناوچەکە

بریتیە لە باژێڕگەلێك و گوندەوارێك. (الخزرجی، 1995: 11؛ زرار صـــدیق، 2020: )، واتا لە شــــارەزور ئاوەدانیەکی وا گەورەی نەبوە، کە پێی بگوترێت شار، بەڵکو چەند شارۆچکەو گەورە دێ و گوندی لێ بوەو ئەمانە لە سەرەتای فتوحاتی ئیسلامیدا ناویان هاتوە.

دەڤەری شــارەزور لەگەڵ بچوکییەکەی هەرێمێکی ناسراو بو و لە ڕوی کارگێڕییەوە لە ســەرەتای فەتحی ئیســلامییەوە تا دوا ســاڵەکانی ســەردەمی خەلیفە (هارون الرشـید:170-193ك/786-809ز)، سـەر بە موسـڵ بو و موسـڵیش ناوەندی هەرێمی جەزیرە بو، ئەوەتا لە هەواڵێکدا، کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ســەدەمی ئومەوی، وا داندراوە کە ســەر بە موســڵە. (الطبري،1969: 353/7)، بەڵام پاشتر و لە سەردەمی خەلیفەی ناوبراو، شارەزور لە موسڵ دابڕێنراو و لەگەڵ دارا ئاباد و صــــامەغان، کرانە سێ کورەی ســــەربەخۆ و لەلایەن یەك والییەو بەڕێوە دەبران و بە ناوی ویلایەتی شــــارەزور ناسرا. (البلاذري، 1988: 325؛ قـدامـة بن جعفر، 1981: 383: ابن الاثير، 1999: 418/2، 276/19، الحميرى، 1980 :350)، لە سەدەکانی دواتریش ناوی چەند قەڵاو شارێکی تری شارەزور هاتوە(القزوینی، د.ت: 398) وەك: قنا کە ڕەنگە هەر قسنان بێت، تیرانشاه، دەیلەمستان[xxxii]، دزدان[xxxiii]، بیر[xxxiv]، (نیم از راه)[xxxv]، یاخود(نیم راه)[xxxvi]، کە ماوەیك بەناوەندی هەرێمەکە داندراوە. (یاقوت الحموی، 1995: 375/3). ئەم شـوێنانە ناویان لەگەڵ یەك هاتوە، و وادیارە هەندە لە یەکدی دور نەبونە. (البلاذري، 1996: 324/13).

شـایانی باسـە، جێگا و شـوێنەواری ئەم ئاوەدانیانە تا ئێستا یەکلانەبۆتەوە، کە دەکەونە کوێ شارەزورەوە هەروەها بیرو بۆچون لەسەر دەستنیشانکردنی شوێنەکە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هەنە، بە هەرحاڵ، ئێمە لەم لێکۆڵینەوە، شارەزورمان بە بەشێك لە هەرێمی چیاکان داناوە. (الطبري،1969: 176/9).

سەبارەت بە فەتحی شارەزور، لە سەردەمی خەلیفە عمر بن الخطاب (13- 23ك/ 634-644ز)، فەتحکراوەو دەربارەی ساڵی فەتحەکەشی، لە دوای هەر یەکە لە حلوان و ناوچەکانی موسڵ، فەتحکراوە[xxxvii]و ئەوانەش لە نیوان ساڵانی(16-19ك/637-640ز)، فەتحکراون و لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە شـارەزور لە دەوروبەری سـاڵانی(20ك) فەتکرا. (فائزە محمد عزەت. د.ت: 141).

سەبارەت شێوازی فەتحی هەرێمەکە، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی سنوری هەرێمەکە بە شەڕ فەتحکراوە، بەڵام بەشێك لە دانیشتوان، دوای گەمارۆدانیان بە ڕێککەوتن خۆیان بەدەستەوە داوە، ئەوەتا بەگێڕانەوە، لە خەڵکی بە تەمەنی ناوچەکە، ئاماژە بەوە دراوە، کە دانیشـتوانی(صـامغان و داراباذ)، ڕازی بون سـەرانە و موڵکانە بدەن و لە بەرامبەردا گیانی خۆیان و خـێزانـیـان پـارێـزراو بـێ. (الـبـلاذري، 1988: 325، الـطـبري، 1969: 176/9)، دەتـوانـین بـڵـێـین، ئـەم خـۆ بدەدەستەوەدانەشیان إجباری بوە، چونکە بەپێی ئەوەی دواتر خەڵکەکەی هەڵگەڕاونەتەوەو جارێکی تر باج و خەراجیان بەســەردا ســەپێندراوە(البلاذري، 1996: 324/13)، بە دەردەکەوێت، کە خۆ بدەســتەوە دانیان بە ڕەزامەندی خۆیان نەبوە.

بە شێوەیەکی گشتی بەهۆی ئەوەی خەڵکی شارەزور لەدژی دەسڵاتدارانی ناوەندی خەلافەت بون، دەبینین دانیشتوانی شــــاری دزدان، وا ناسراون، کە ســــەرکردەکانی لەگەڵ خەلافەت ناکۆکن. (القزوینی، د.ت: 398)، بۆیە ئەم ناوچەیە بەردەوام بۆتە پەناگەی ئەوکەســـانەی لە دەســـەڵات هەڵگەڕاونەتەوەو، هەروەها بە پەناگەی هەمو ترســـاو پەلامار

دراوێك ناوی هاتوە. (ياقوت الحموی، 1995: 375/3)، بونی گروپە خەواریجەکانیش لە شـــارەزور بەهۆی گونجاوی ناوچەکە بوە، کە دور بوە لە ناوەندی خەلافەت، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی لەم ناوچەیە خۆیان ببیننەوە. (فائزه محمد عزەت، د.ت: 151).

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم ئاخافتنەی لەسەر شارەزور کراوە، کە گوایە پەناگەو هەتوانی کەسانی هەڵگەراوەو یاخییە، لە واقیعدا هەر وابوەو ئەم بۆچونە لە جێگای خۆیەتی، ئەگەر لە بزاڤ و جموجۆڵی ڕێبەرانی خەواریج وردبینەوە تێدەگەین، کە ئەم بزاڤانە دەمێك سەریان هەڵدەداو لەلایەن سەرکردەو بەرپرسانی دەوڵەتی ئومەوییەوە فشاریان دەخرایە ســـەرو تەنگاو دەکران، ئەوا بە خۆیان و چەکدارو لاینگرانیانەوە، کە زۆربەی هەرە زۆریان لە پیاوانی هۆزە عەرەبەکان بون، هەڵدەهاتن بۆ شـــارەزورو تێیدا جیگیر دەبون، دەکرێ بڵێین ئەمەش هۆیەکی بنەڕەتی بو بۆ ئەوەی ڕێژەیەکی بەرچاوی عەرەب بڕژێنە شـــارەزورەوە و بەگوند و دەشـــت و چیایەکانیدا بڵاو ببنەوە، ئەوەتا یەکێك بەناوی (حوثرة الاسدی)، بزاڤێکی ڕاگەیاند و یەکسەر ڕویکردە دەڤەری مەندەلی و دەڵێن ئەمە یەکەم کەس بوە، دوای کوژرانی خەلیفە علی لە ساڵی(40ك/661ز) دەرچوە. (المبرد، ١٩٩٧: 175/3)و لە هەمان ساڵدا(فروة بن نوفل الاشجعی)، لە خەلیفە علی جیابۆتەوەو بە یاوەریی پێنجسەد کەس لە لایەنگرانی چۆتە شارەزور و تا ساڵی دواتر، لەوێ مایەوە[xxxviii] و دەمێك بە ڕێککەوتنی نێوان معاویەو حەسەنی کوڕی علیيان زانی، شەڕی لە دژی معاویە ڕاگەیاند. (البلاذري، 1996: 163/5) ئەوجا لە شـــارەزورەوە بەرەو کوفە چون(البلاذري، 1996: 163/5)و لەم ماوەیەدا ژمارەی لایەنگرانی و چەکدارانی بە(1500)مەزەندە کراوە. (اليعقوبی، ١٩٩٦: 151). زیادبونی ژمارەی لایەنگرانی لە شـــارەزور لە (500)کەســـەوە بۆ(1500)، کەس و مانەوەیان لە ناوچەکە، بەڵگەی نیشتەجێبونی هۆزە عەرەبەکانە لە هەرێمەکە.

لە هەواڵەکانی ســـەردەمی عەباســـیدا باس لەوە کراوە، کە شـــارەزور بۆتە مۆڵگەی شـــەیبانیەکان. (مســـکویە، 2000: 259/3، 447/6)، ئەندامانی ئەو هۆزە بە چڕی لە ناوچەکە بڵاوبونەتەوەو لەگەڵ کورد دا، تێکەڵی وخزایەتییان هەبوەو ژن و ژنخوازیان لە نێوان هاتۆتە ئاراوە، ڕەنگە ســـەرەتای ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ســـەدەمی ئومەوی، دەبینین چەند ڕێبەرێکی خەواریج، کە لەم ســـەردەمە دەرکەوتن، لە هۆزی شـــەیبان بون و شـــارەزور بوە یەکێك لە مەیدانەکانی هاتن و چون و چالاکیەکانیان و درێژەدان بە خەباتی چەکدارییان.

(ســـعيد بن بجدل الشـــيبانی(م:127ك/744ز) لە ســـاڵی(127ك/744ز)، بزاڤێکی خەواریجی ڕاگەیاند، ســـەرەتا وەك باسکرا، ڕوی کردۆتە ناوچەی، مێرگ(المرج) لە باشوری موسڵ، دوای ئەوی ژمارەی لایەنگران و چەکدارەکانی گیشتە پێنجســـەد کەس، ڕویان کردە شـــارەزور. (خليفە بن خياط،1379ھ: 372)، هەمان ســـاڵ (شـــيبان بە عبدالعزيز اليشـــکری)[xxxix]، درێژەی بە بزاڤی خەواریجەکان دا و جەنگی لە دژی خەلیفە مەروانی کوڕی محەمەد ڕاگەیاند و لە ناوچەکانی موصڵەوە کشایەوە بۆ شارەزور. (خليفة بن خياط، 1379ھ: 387؛ البلاذري، 1996: 136/4)، کە وەك پەناگە بەکاریهێناوە، ئەمەش لەسەر پێشنیاری یەکێك لە شوێنکەوتوەکانی بوە، کە دیارە زانیوەیەتی شارەزور بە کەڵکی درێژەدان بە خەباتی چەکداری دێت"(الطبري، 1969: 353/7).

هەر لەم ســـاڵانەدا" (الضحاك بن قيس)، ســـەرکردەی دیاری خەواریج[xl]، هەروەك پێشـــتر باســـمان کرد، لە هەرێمی جەزیرە چالاکی هەبوە. (البلاذري، 1996: 266/9؛ ابن قتيبة، 1992: 412/1) دوای شکەستی بزاڤەکەی لە هەرێمی جەزیرە ئەمیش ڕوی کردۆتە شـــارەزور. (خليفة بن خياط، 1379ھ : 379)، لەوێ لە دژی ســـوپای ئومەوی جەنگاوە

(المقدسی، ١٩١٩: 55/6)، دوای چونی بۆ هەرێمەکە، باس لە زیادبونی ژمارەی لایەنگرانی کراوە و بونە بە سێ تا چوار هەزار کەس. (البلاذري، 1996: 229/8).

باسی سێیەم: لە هەرێمی ئازەربایجان.

سەبارەت بە دیاریکردنی سنوری هەرێمی ئازەربیجان[xli]، بەهۆی ئەوەی جوگرافیناس و گەڕیدەکان زانیاری وردو تەواویان لەسەر ئەم هەرێمە بەدەستەوە نەداوە، هەروەها جوگرافی ناسەکان لە دیاریکردنی سنوری هەرێمەکە ڕای جیاوازیان هەیە(کوثر اسماعیل حسن، 2002: 9)، بۆیە ئاستەنگە بتواندرێت بە تەواوەتی سنورەکانی هەر چوارلای دیاری بکرێت، هەروەها بەهۆی ئەوەی ئەم ناوچانە ئەوکات بە تەواوەتی نەکەوتبونە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامییەوە، ناتواندرێت سەرلەبەری بە پارچەیەك لە سنوری جیهانی ئیسلامی دابندرێت. (زرار صدیق، 2020: 43)هەروەها ابن حوقل(م:367ك/978ز)، هەرسێ هەرێمی: ئازەربیجا، ئەرمینیاو ئارانی بە یەکەوە داناوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی وەك خۆی دەڵێت ئەوەی بەتەمەنی خۆی بینیویەتی، ئەم سێ هەرێمە هەردەم لە لایەن یەك کەسەوە بەڕێوە بروان. (ابن حوقل، 1938: 331/2)، هەروەها. (المقدسی(م: 380هـ/990م) ئەم سێ هەرێمەی کردوە بە یەك و ناوی (اقلیم الرحاب)ی لێ ناون. (المقدسی،1991: 373).

بە شێوەیەکی گشتی سنوری ئازەربیجان دەکەویتە نێوان هەرێمەکانی چیا و جەزیرە و ئەرمینیا و ئاران جیلان- گەیلان و دەریای خەزەرەوە[xlii]، بە ئاخافتنێکی تر لە شاری زنجانەوە دەکشا تا شاری بەردەعە و دەیان شار، گوند، چیاو ڕوبار لەخۆ دەگرت. (مؤلف مجهول، 1423هـ: 164؛ الاصطخری، 2004: 91)، و یەکێك لە چیایەکانی هەرێمەکە چیای سبلانە[xliii]، کە چیایەکی گەلێك بەرز و ناوداری جیهانی ئیسلامی بوە. (الاصطخری، 2004: 181؛ القزوینی، د.ت: 284).

ئەوەی پەیوەندی بە کوردستانەوە هەیە، ناوچەکانی خوارو و ڕۆژئاوای هەرێمی ئازەربیجان و گۆلی ئورمێ، کە دەبێتە هاوسنوری چیاکان لە باشورەوە هاوسنوری چیاکانی هەکاری لە ڕۆژئاواوە، بە پارچەیەك لە نیشتیمانی کودر دادەندرێت. (زرار صدیق، 2020: 45)، ئەم بەشەی هەرێمەکە بە زستانە هەواری کوردە هەزبانییەکان داندراوە. (ابن حوقل، 1938: 228/1). کە شارە کوردنشینەکانی کانی: ئورمیە، سلماس، شنو، نەریزی دەگرتەوە. (ابن خرداذبە، 1889: 119، 213؛ قدامة بن جعفر، 1981: 11، ابن حوقل، 1938: 333/2- 336)، هەروەها کوردی ناوچەکە شارۆچکەی (قندرية)یان بنیاد نا. (المقدسی، 1991: 377، 382).

دەربارەی چۆنیەتی فەتحی هەرێمی ئازەربیجان و کوێ بە ڕێککەوتن و کوێ بە شەڕ بوە، زانیاری جۆراوجۆر هەن، هەروەها ناوی سەرکردەی جیاواز هاتوە کە لە فەتحی ناوچەکە بەشدار بون[xliv]، ڕونە ئەمەش بەهۆی ئەوەی سنورەکە، ناوچەیەکی فراوانی لەخۆگرتوەو پێویستی بە ماوەیکی دورودرێژ بوە، تا بەتەواوەتی خراوەتە بن دەستی مسوڵمانانەوەو لەدوای فەتحیشیەوە بەردەوام خەڵکەکەی لە دەسەڵاتدارانی خەلافەت هەڵگەڕاونەتەوە. (زرار صدیق، 2020: 28).

سەبارەت بە نیشتەجێبونی عەرەب لە هەرێمی ئازەربیجان، دوای ئەوەی زۆربەی شار و دەڤەرەکانی هەرێمەکە بەشەڕ فەتحکران و دواتر لەگەڵ خەڵکەکەی لەسەر دانی سەرانە پێکهاتن، عەرەبە فاتیحەکان ڕابون بە نیشتەجێکردنی بنەماڵە

و هۆزەكانیان، ئەمەش زیاتر لە پێناو ڕاپەڕاندنی كارەكان و بەڕێوەبردنی ناوچەكە بوە، بەتایبەت ئەركی بەخشــینی موچە و پێدانی دەستكەوت و تالانەكان لە نێوان بەشداربواندا، ئەوەتا (البلاذري) دەربارەی نیشتەجێكردنی عەرەب لە ناوچەكە دەڵێت**" خەڵكی عەرەبیان لە ناوچەكە نیشــتەجێ كرد، ئەوانەی تایبەت بون بە بواری(العطاء و دیوان)"** . (البلاذري: 1988: 320)، هەروەها لە سەردەمی خەلیفە عوسمانیش، ئەو خەڵكانەی لە سنورە فەتحكراوەكاندا نیشتەجێ كراون، تایبەتبون بە(العطاء والدیوان). (قدامة بن جعفر، 1981: 379).

لە ڕاستیدا ئازەربـــیجان هەرێمێكی بەرفراوان بو، دەیان شار و بازێڕ و شارۆچكەی ئاوەدان دەگرتەخۆ، وێڕای ژمارەیەكی گوند و دێهات و زۆربەی ڕوبەرەكەی و خاكی بەپێز و بەپیت بو، هەمو مەرج و پێویســتیەكانی چاندن و وەرزێڕی و ئاژەڵدارێی تێدا دەستەبەر بو، لەبەر ئەم ڕاستیە و لەبەرئەوەش فاتحەكان بۆ دەیان ساڵا بۆیان نەكرا ڕەوشی هەرێمەكە بە بەرژەوەندی خۆیان ئارام بكەنەوە و دەســەڵاتی خۆیان بســەپێنن، بۆیە پتر لە هەرێمەكانی دی بوە جێگای چاوتێبڕینی كەسایەتی و سەرداره عەرەبەكان، هەر لە سەرەتای هەژمون و باڵادەستیی عەرەبەوە تا ناوەڕاستی سەدەی 3ك/9ز، دەیان ماڵبات و تیرە وخێڵی جۆربەجۆری لە كوفە و بەسرا و شـــامەوە بارگە و بنەیان هەڵدەگرت و ڕویان دەكردە ئازەربـــــیجان. (زرار صــدیق، 2020: 73)، كە ئەندامانی هۆزە عەرەبەكان، لە ناوچە فەتحكراوەكانی هەرێمی جەزیرە نیشتەجێبون، بە نیشتەجێبونیشیان بونە پێكهاتەیەكی دانیشتوانی ناوچەكە.(كوثر اسماعیل حسن، 2002: 117).

ئەوەتا لە ڕیوایەتیكدا هاتوە كە دەمێك عەرەب گەهیشتە ئازەربیجان، چەندین عەشیرەتیان لە بەسرا و كوفە و شامەوە ڕویانكردە هەرێمەكە و هەر بنەماڵەیەك دەســتی گرت بەســەر شــوێنێكی بەراو و بەپیت و بۆ خۆی پاوەند دەكرد و هەندێكیان لە عەجەم واتا ناعەرەكان زەوییان كڕی و پاشـماوەی خەڵكی ناوچەكەیان كردە سـەپانی خۆیان و ئێشـكگری گوندەكانیان[xlv].

فەرمانده (الاشــعت بن قیس الكندی)، كە وەك ڕونە لە هۆزی (كندة) بو، لە ســەردەمی خەلیفە علیی كوڕی ئەبی طالب(35- 40ك/656- 661ز) والی ئازەربیجان بو و ڕابو بە نیشــتەجێكردنی بەشـێك لە بنەماڵەكانی و هۆزەكەی، لە هەرێمی ئازەربیجان. (البلاذري: 1988: 320)..

لە سەردەمێكی دواتر و لە ساڵەكانی دەركەوتنی بزوتنەوەكەی عەبدوڵای كوڕی زوبێر(64- 73ك/684- 692ز)، (سعید بن مرة الردینی)، دەسـتی بەسـەر پانتایەكی هەرێمی ئازەربیجان گرت. (الكلبی، ١٩٨٦: 547؛ 1988: 69/1؛ ابن حزم، 1962: 312)و خەڵكێكی زۆری كوفیەكان لە ســوپاكەیدا بون(التمیمی، ١٩٩٣): 44؛ ابن ســعد، ٢٠٠١: .237/6؛ الطبري، 1969: 330/4، السمعانی، 1962: 75/4).

بونی ئەم ژمارە زۆرەی ســەربازەكان، لە ســوپاكەیدا پێویســتی بە مانەوەو نیشــتەجێ بون هەبوە، چونكە هەم لە ڕوی جوگرافییەوە ناوچەكە لە ناوەندی خەلافەت دور بوە، هەمیش بە هۆی هەڵگەڕانەوەی بەردەوامی خەڵك لە دەسەڵات، پێویست بە جێگیربونی هێزیك بو لە ناوچەكە.

وا دیارە پاشـان بنەماڵەكەی لەوێ نیشـتەجێبونە و كردویانە بە مڵكی خۆیان، بە بەڵگەی ئەوەی نەوەكانی تا ناوەڕاســتی ســەدەی سـێهەمی كۆچی/نۆهەمی زایینی چەند شــارێكی ئازەربیجانیان بەدەســتەوە مابو. (البلاذري، 1988: 320؛ ابن الفقیە، ١٩٩٦: 581).

یەكێك لەو شارانەی، كە عەرەبەكان دوای فەتح لێی نیشتەجێ بون، شاری(البذ)ە، هەروەها دانیشتوانی ئازربیجان و ناوچەكانی دەوروبەری، بە تێكەڵیی ناوی هاتوە. (الیعقوبی، ١٩٩٦: 78)، هەروەها دوای ئەوەی عەرەبەكان لە هەر ناوچەیەك نیشتەجێ دەبون و خەڵكەكەیان دەكردە پاڵەی خۆیان و لەبەرامبەردا برێك كرێیان پیداون، كە خۆیان دیاریان كردوە، هۆكاری ئەمەش ئەوەبوە، كە عەرەبەكان لایان نەنگی بوە، خۆیان بە كشتوكاڵەوە سەرقاڵ بكەن، بۆ ئەوەی بەردەوام ئامادەبی شەڕیان هەبێت و بتوانن سنورەكانیان لە پەلاماری نەیارەكانیان بپارێزن، پاش برانەوەی پرۆسەی فەتحكردن دەسەڵاتدارانی ئومەوی درێژەیان بە سیاسەتی نیشتەجێكردنی عەرب داو دیارە ئەمەش بە مەبەستی چەسپاندنی هەژمونی خۆیان بو. (النقشبندی، 2013: 68).

لە هەرێمی ئارانیش عەرەب نیشتەجێبون هەر بەو هۆیەشەوە ناوی هەندێك لە شارەكانی هەرێمەكە بۆ عەرەبە یەمانی و قەیسیەكان دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی شاری باب الابواب و برذعة و چەندان شاری تر، كە تایبەت بون بەو هۆزانەی لە ئازەربیجان نیشتەجێبون. (كوثر اسماعیل حسن، 2002: 119).

## ئەنجام:

1- عەرەبە فاتیحەكان كە كوردستانیان پاش پرۆسەی فتوحاتی ئیسلامی بۆ هەرێمە كوردییەكان، عەرەبەكان ناوچە فەتحكراوەكانیان بە موڵكی شەرعی خۆیان دەزانی و ئەمەش پاڵپشت بە دەقی شەرعی و فەتوای شەرعزانەكان بوە.
2- بەپێی ئاووهەوای كوردستان، هۆكاری ئەوەبوە كە جگە لە عەرەبە كۆچەریەكان خەلیفەكانیش حەز بە كوردستان بكەن و كۆشك و تەلاری لێ دروستبكەن.
3- لە سەردەمی ئومەوییەكان سەركردە و لایەنگری بزوتنەوەكانی دژ بە خەلافەت عەرەب بون كە لە كاتی دەرچونیان لە دژی خەلافەت ڕویان دەكردە هەرێمە كوردنشینەكان و لەوێ نیشتەجێ دەبون و بۆ ماوەیەكی زۆر دەمانەوە.
4- لە دوای فەتحكردنی كوردستان، بەراورد بە هەرێمە كوردنشینەكانی تر، هەرێمی جەزیرە زۆرترین ژمارەی عەرەبی لێ نیشتەجێبوە.
5- ئەو عەرەبانەی لە كوردستان نیشتەجێبون، ژمارەیان گەلێك زیاترە لەوەی لە سەرچاوەكان ئاماژەیان پێدراوە، چونكە ئەو زانیاریانەی هاتون لەمیانەی ڕوداوە سیاسییەكان باسیان كراوەو دەكرێ لە زۆر شوێنی تری كوردستان عەرەب نیشتەجێبوبن.

## لیستی سەرچاوەكان:

قورئانی پیرۆز.
ابن الأثیر: عزالدین إبن الحسن على بن محمد، (ت: 630هـ/1232م)،الكامل في التاريخ، دار الكتاب العربي، (بيروت: 1999)، الباب فى تهذيب الأنساب، دار صادر،(بيروت: ١٩٨٠م).

ابن الجوزی، ابوالفرج عبدالرحمن بن على (ت:597هـ/1200م).
إبن العديم: أبو القاسم كمال الدين عمر بن احمد الحلبى (ت: 660هـ/١٢٦١م)، بغية الطلب في تاريخ حلب، دار الفكر، (لندن: ٢٠١٦).
ابن الفقيه: أبو عبد الله أحمد بن محمد بن إسحاق(ت: ٣٦٥هـ/ 975)، البلدان، عالم الكتب، (بيروت: ١٩٩٦).

ابن حبيب: أبو جعفر، محمد بن أمية بن عمرو، (ت ٢٤٥ هـ/ 859م)، المحبر، دائرة المعارف العثمانية، (حيدرآباد: ١٩٤٢).
ابن حجر العسقلانى: شهاب الدين أحمد بن على، (ت: 852هـ/1448م)، الإصابة فى تمييز الصحابة، دار الكتب العلميه، (بيروت: 1415هـ).
إبن حزم: أبو محمد علي بن أحمد بن سعيد الأندلسي (ت: 456هـ/1063م)، جمهرة أنساب العرب، دار المعارف، (مصر:1962).
إبن حوقل: محمد بن حوقل الموسلّي (ت: بعد 367هـ/977م)، صورة الأرض، دار صادر، (بيروت:1938).
ابن خرداذبه: ابوالقاسم عبيدالله بن عبدالله (ت:280هـ/893م)، المسالك والممالك، دار صادر، (بيروت: 1889).
إبن خلدون: أبو زيد عبدالرحمن بن محمد، (ت: 808هـ/1406م)، العبر (تاريخ إبن خلدون)، دار الفكر (بيروت: ١٩٨١).
ابن زنجوية: حميد بن مخلد بن قتيبة الخرساني (ت ٢٥١هـ/865م)، الأموال، مركز الملك فيصل للبحوث والدراسات الإسلامية، (السعودية: ١٩٨٦).
ابن سعد، محمد بن سعد الواقدى(ت: 230هـ/845م)، الطبقات الكبير، مكتبة الخانجى،(مصر: ٢٠٠١).
ابن سلام: أبو عبيد القاسم بن سلام بن عبد الله الهروي (ت ٢٢٤هـ/839م)، كتاب الأموال، دار الفكر. (بيروت:د.ت).
ابن طيفور: أبو الفضل أحمد بن أبي طاهر ابن طيفور (ت ٢٨٠هـ/893م)، كتاب بغداد، مكتبة الخانجي، (القاهرة: ٢٠٠٢).
ابن عبد ربه: شهاب الدين أحمد بن محمد الأندلسي (ت: ٣٢٨هـ/940م)، العقد الفريد، دار الكتب العلمية، (بيروت:1404هـ).
ابن عساكر، أبوالقاسم على بن الحسن (ت:571هـ/1175م).تاريخ دمشق، دار الفكر (بيروت:1995).
ابن قتيبة: أبو محمد عبد الله بن مســلم الدينوري (ت ٢٧٦هـ/689م)، المعارف، الهيئة المصريـة العامة للكتاب،(القاهرة:1992)، عيون الاخبار، دار الكتب العلمية، (بيروت: ١٤١٨ هـ).
ابن ماكولا: على بن هبه الله (ت:475هـ/1082م)، الإكمال فى رفع الإرتياب، دار الكتب العلمية، (بيروت: ١٩٩٠).
أبو يوسف، القاضى يعقوب بن إبراهيم الانصارى، (ت: 182هـ/798م)، كتاب الخراج، المكتبه الآزهريه للتراث، (القاهره:د.ت).
الادريسى: محمد بن محمد بن عبد الله، (ت ٥٦٠هـ/1164م)، نزهة المشتاق في اختراق الآفاق، عالم الكتب، (بيروت:1409هـ).
الأزدي: ابى زكريا يزيد بن حمد بن اياس، (ت: 334هـ/ 945م)، تاريخ الموسّل، دار الكتب العلمية، (بيروت: 1971).
الأزهرى، محمد بن أحمد الهروى، (ت:370هـ/ 980م)، تهذيب اللغة، دار إحياء التراث العربي، (بيروت: 2001).
الاسفراييني، عبدالقهار بن طاهر البغدادى(ت: 429هـ/1038م)، الفرق بين الفرق، دار الافاق الجديدة، (بيروت:1977).
الاصطخرى، إبراهيم بن محمد الفارسى (ت:بعد 340هـ/951م)، المسالك والممالك،دار صادر، (بيروت :2004).
الافطسى: محمد بن محمد بن هبه الله، (ت:بعد515هـ/1121م)، المجموع اللفيف،دار الغرب الإسلامى، (بيروت:1425هـ).
البخارى: محمد بن إسماعيل بن إبراهيم، (ت: 256هـ/870م)، التأريخ الكبير، المتميز للطباعة والنشر، (الرياض: ٢٠١٩).
البلاذري: ابوالحسن أحمد بن يحيى بن جابر (ت:279هـ/892م)، فتوح البلدان، دار المكتبه الهلال (بيروت: 1988)، أنساب الآشراف، دار الفكر، (بيروت: ١٩٩٦).
التطيلى: بنيامين بن الرابي يونة النباري (ت: ٥٦٩هـ/1173م)، رحلة بنيامين التطيلي، المجمع الثقافي، (أبو ظبي: ٢٠٠٢).
التميمى: سيف بن عمر الاسدى، (ت: ٢٠٠هـ/815م)، الفتنه وقعة الجمل، دار النفائس،(١٩٩٣)
الجاحظ: عمرو بن بحر بن محبوب الكناني (ت: ٢٥٥هـ/869م)، المحاسن والأضداد، دار ومكتبة الهلال، (بيروت:1423هـ).
الحازمى: محمد بن موسى بن عثمان الهمذانى، (ت: 584هـ/1188م)، كتاب الاماكن أو ما أتفق لفقه وإفترق مسماه، دار اليمامة (الرياض :1415هـ).
الحميري: محمد أبو عبد الله محمد بن عبد الله (ت: 900هـ/1494زـــ)، الروض المعطار في خبر الأقطار،تحقيق، مؤســـــة ناصر للثقافة، (بيروت:1980).
الخالديان: أبو بكر محمد بن هاشـــم (ت: 380هـ/990م)، أبو عثمان ســـعيد بن هاشـــم (ت ٣٧١هـ/981م)، حماســـة الخالدين، وزارة الثقافة السورية،(دمشق: 1995).
الخزرجى، أبى دلف مسعر بن لمهلهل(ت:390هـ/1000م)، الرسالة الثانية، نشرها ف. مينورسكى، مطبعة جامعة القاهرة(القاهره: 1955).
الخطيب البغدادى: ابوبكر أحمد بن على (ت:463هـ/1070م)، تاريخ بغداد، دار الكتب العلمية، (بيروت:1417هـ)، تلخيص المتشـابه، دار الصـميعي (الرياض: 1417).
خليفه بن خياط الليثى العصفرى(ت:240هـ/855م)، تاريخ خليفة بن خياط، دار االقلم، (دمشق:1379هـ)
الدينورى: أبو حنيفة أحمد بن داود، (ت: ٢٨٢ هـ/895م)، الاخبار الطوال،وزارة الثقافة والإرشاد القومي،(مصر: ١٩٦٠ م).
الذهبي: شمس الدين أبو عبد الله محمد بن أحمد، (ت: 748هـ/1347م)، سير أعلام والنبلاء، دار الحديث، (القاهرة: ٢٠٠٦).
الزبيدي: محمد مرتضى الحسيني الزبيدي، (د.ت)، تاج العروس، (الكويت: 2001).
الزمشخرى: جار الله،(ت:583هـ/1187م)، ربيع الأبرار ونصوص الأخيار، مؤسسة الأعلمي، (بيروت: ١٤١٢ هـ).
سـبط إبن الجوزي: شـمس الدين أبي المظفر يوسـف بن قزاوغلي، (ت:654هـ/1256م)، مرآة الزمان في تواريخ الأعيان، دار الرسـالة العالمية، دمشـق،

(سوريا: ٢٠١٣).
السلمي: عرام بن الصبغ، (ت: ق.3هـ)، أسماء جبال تهامة و سكانها، (مصر: 1972).
السمعاني: عبد الكريم بن محمد بن منصور المروزي(ت: 562هـ/ 1166م)، الأنساب، مجلس دائرة المعارف العثمانية، (حيدر آباد: (١٩٦٢).
الصفدى، صلاح الدين خليل بن أيبك، (ت: 764هـ/1363م)، الوافى بالوفيات، دار إحياء التراث (بيروت: 2000).
الطبري، ابو جعفر محمد بن جرير(ت:310هـ/923م)، تاريخ الطبري(تاريخ الرسول والملوك)، دارالمعارف، (القاهره: 1969).
العمرى، شهاب الدين أحمد بن يحيى بن فضل الله، (ت: 749هـ/1348م)، مسالك الابصار وممالك الامصار، المجمع الثقافى، (ابوظبى: 2003)،
قدامة بن جعفر، ابوالفرج قدامة بن جعفر (ت:337هـ/949م)، الخراج وصناعة الكتابة، دار الرشيد للطباعة (بغداد: 1981).
القزويني، زكريا بن محمد بن محمود(ت:682هـ/1283م)، آثار البلاد وأخبار العباد، دار صادر (بيروت: د.ت).
القطيعي: عبد المؤمن بن عبد الحق البغدادي (ت ٧٣٩هـ/1339م)، مراصد الاطلاع على أسماء الأمكنة والبقاع، دار الجيل، (بيروت: ١٤١٢ هـ).
الكلبي: أبو المنذر هشام بن محمد بن السائب (ت: ٢٠٤ هـ/817م)، جمهرة النسب، عالم الكتب،(بيروت١٩٨٦)، نسب معد واليمن الكبير، مكتبة النهضة العربية، (١٩٨٨).
المبرد: محمد بن يزيد المبرد، أبو العباس (ت ٢٨٥هـ/898م)، الكامل في اللغة والأدب، دار الفكر العربي، (القاهرة: ١٩٩٧).
المرزباني: للإمام أبي عبيد الله محمد بن عمران المرزباني، (ت: ٣٨٤ هـ/994م)، معجم الشعراء، دار الكتب العلمية،(بيروت: ١٩٩٣).
المسعودى: ابو الحسن على بن الحسين بن على (ت:346هـ/957م)، التنبيه والاشراف، دار الصاوى، (القاهرة:د.ت).
مسكويه: ابو على أحمد بن محمد بن يعقوب (ت: 421هـ/1030م)، تجارب الامم، دار الكتب السروش، (طهران: 2000).
المقدسي:ابوعبدالله شمس الدين محمد البشاري(ت: 380هـ/990م)، أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم، دار صادر،(ليدن: 1991).
المقدسى، مطهر بن طاهر(ت: 355هـ/966م)، البدو والتأريخ، أرنست لرو الصحاف، (باريس: ١٩١٩).
المقريزى، تقى الدين أحمد بن على(ت:845هـ/1441م)، المقفى الكبير، دار الغرب الإسلامى، (بيروت: ٢٠٠٦).
المنتظم فى تأريخ الملوك والامم، دار الكتب العلميه،(بيروت:1992)، الحيوان، دار الكتب العلمية، (بيروت: ١٤٢٤ هـ).
مؤلف مجهول، (ت: ق3هـ)، أخبار الدولة العباسية، (بيروت: د.ت)،
الهمدانى، الحسن بن أحمد بن يعقوب(ت:334هـ/946م)، صفه جزيره العرب، مطبعة بريل، (ليدن: ١٨٨٤).
الواقدى: محمد بن عمر بن واقد السهمي الأسلمي بالولاء، (ت:207هـ/822)، فتوح الشام، دار الكتب العلمية، (1997)، كتاب الردة، دار الغرب، (1990).
ياقوت الحموى، ياقوت بن عبدالله الرومى(ت:626هـ/1229م)، معجم البلدان، دار صادر(بيروت: 1995)، معجم الأدباء (إرشاد الأريب إلى معرفة الأديب)، دار الغرب الإسلامي، بيروت،(1993).
اليعقوبى، أحمد بن إسحاق بن جعفر (ت: 293هـ/906م)، تاريخ اليعقوبى، مطبعه شريعت (قم المقدسه: 1425هـ)، كتاب البلدان، دار الكتب،(بيروت: ١٩٩٦).
الياس شوفاني، حروب الردة، دار الكنوز الادبية، (بيروت: 1995).
برهان حنا ايليا، امد مدينة الفخر(من نشاتها الى عام 1924م)، مطبعة احسان (حلب: 2008).
عبدالماجود احمد السليمان، الموسل فى العهدين الراشدى والاموي، مكتبة البسام، (الموسل: 1985).
عبدالحكيم الكعبي، الجزيرة الفراتية و ديارها العربية، دار الصفحات للدراسات والنشر، (سورية: 2009).
عطا عبد الرحمن محى الدين: حركان الخوارج في بلاد الكورد وما جاورها (41-218هـ/661-833م)، مطبعة شفان، (سليمانية: 2007).
فائزه محمد عزت، الكرد فى اقليم الجزيرة وشهرزور فى صدر الإسلام(16-132هـ/637-749م)، مطبعة خانى، (دهوك: د.ت).
فرست مرعي، الامارات الكردية فى العصر العباسى، (350-511ك/960-1117م)، مطبعة وزاره التربية(اربيل:2005).
كى لسترنج، بلدان الخلافة الشرقية، چاپخانه نهضت (تهران: 1371).
كوثر اسماعيل حسن، الحياة الاقتصادية والاجتماعية في اقليمي آذربيجان و آران خلال القرنين الرابع والخامس الهجرين/ العاشر والحادي عشر الميلادين، رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين، (اربيل:2002).
محمد جاسم حمادي، الجزيرة الفراتية والموسل، دار الرساله للطباعة، (بغداد: 1977).
النقشبندى، حسام الدين على غالب، أذربيجان فى العصر السلجوقى، المركز الأكاديمى للأبحاث، (بيروت: 2013).
الكرد فى الدينور وشهرزور، رساله ماجستير، جامعه بغداد، (بغداد: 1975).
نيشتيمان بشير، الاحوال السياسية والاجتماعية والاقتصادية لغربي اقليم الجبال خلال القرنين الرابع والخامس الهجرين/ العاشر والحادي عشر

الميلادين، رسالة دكتۆرا عيرة منشورة، جامعة صلاح الدين، (اربيل:1994).
زرارصديق تۆفيق، كوردو كوردستان له ڕۆژگاری خەلافەتی ئيسلامی(16-656ك/637-1258ز)، چاپخانەی ماد، (تاران:2020).
النقشبندی، حسام الدين علی غالب، شارەزورو لورستانی باكور له سەدەكانی ناوەڕاستدا، وەرگێڕانی: ڕەنج ابو بكر محمد، چاپخانەی حەمدی، (2008).

## پەراوێزەكان:

([i]) المقدسی، له دياريكردنی شوێنی نيشتەجێبونی عەرەب، ناوی به (اقور) داناوه، هەروەها به (جزيرة أقور)يش ناوی هاتوه، كه تايبەت بوه به شوێنی هەواری هۆزەكانی (بكر و مضر) بڕوانه: المقدسی، احسن التقاسيم، دار صادر(ليدن: 1991)، ص9، 47، القطيعی، مراصد الاطلاع، 331/1.

([ii]) بۆ زانياری زياتر بڕوانه: محمد جاسم حمادي، الجزيرة الفراتية والموصل، (بغداد: 1977)، ص147، فائزه محمد، الكرد فی اقليم الجزيرة وشهرزور، (دهوك: د.ت)، ص154.

([iii]) بۆ زانياری زياتر له بارەی سنوری هەرێمی جەزيره بڕوانه: عبدالحكيم الكعبي، الجزيرة الفراتية، (سورية: 2009)،

([iv]) نازاندرێت ئەم شوێنه لەكوێيه.

([v]) له دەقەكه به هەڵه كراوه به(داسير).

([vi]) به(چيای حبتون)يش ناوی هاتوه، كه چيايەكه، له ناوچەی موصل، ناوەكەش به ئەعجەمی ناوی هاتوه. بڕوانه: ياقوت الحموی، معجم البلدان، 211/2، الادريسی، نزهة المشتاق، (بيروت:1409هـ)، 658/2، التطيلی، رحلة بنيامين التطيلي، (أبو ظبي: ٢٠٠٢)، ص327،

([vii])يەكێكه له گوندەگەورەكانی هەرێمی جەزيره، دوری لەگەڵ دارا و (رأس العين) پێنج فەرسەخه. بڕوانه: ياقوت الحموی، معجم البلدان، 468/4، الحازمی، الأماكن، ص147.

([viii]) بۆ زانياری زياتر بڕوانه: فرست مرعي، الفتح الاسلامي لكردستان، (بغداد:2011)، ص194-204، ادريس محمد حسن الدوسكي، همدان من فتح الاسلامي الی سقوطها بيد المغول، (اربيل:2006)، ص71-74، جوتيار تمر، ص57-58.

([ix])بڕوانه: خليفة بن خياط، تاريخ خليفة بن خياط، ص139، اليعقوبی، تاريخ اليعقوبی، ص103، ابن سلام، كتاب الأموال(بيروت: د.ت)، ص267، 129، ياقوت الحموی، معجم البلدان،57/1، ابن الاثير، الكامل(بيروت: 1999)، 326/2، ابن العديم، بغية الطلب (لندن: ٢٠١٦ )، 242/1.

([x]) ناوی ئەم شوێنه له سەرچاوه ئسلاميەكانيش هاتوه، ابن الفقيه، البلدان(بيروت: ١٩٩٦)، ص182، ابن حوقل، صورة الارض، 218/1، ياقوت الحموی، معجم البلدان،324/1، الزبيدی، تاج العروس، (الكويت: ٢٠٠٥ )، 220/1.

([xi]) شارێكی كۆنی هەرێمی جەزيرەيه، زۆربەی بيناكاريەكەی بەبەرد دروستكراوەوكەوتۆته، بەشی ڕۆژهەڵاتی ديجله و له شێوەی مانگ دەردەكەوێت، هەروەها چەندين كانياو ڕەزو باخ لەخۆدەگرێت، بڕوانه: ابن حوقل، صورة الارض، 222/1، ياقوت الحموي، معجم البلدان، 56/1.

([xii])يەكێكه له شارەكانی هەرێمی جەزيرەو به گەورەترين شاری سنوری دياربكر ناوی هاتوه، كه پێنج فەرسەخ، كه دەكاته (چوار ڕۆژە ڕێ) له شاری ئامەدو حەوت فرسەخ(پێنج ڕۆژە ڕێ) له ئەرزرن دوره، به ئاخافتنێكی دی به شارێكی كۆنی قايم داندراوەو دەكەوێته نێوان ئەرمينياو جەزيرەی ڕۆم . بڕوانه: ابن خردازبة المسالك، ص215، ابن حوقل، صورة الارض، مؤلف مجهول، حدود العالم، ص2،353/166، البكري، معجم، 1286/4.

([xiii])بنو الخزرج، دەگەڕێنەوه به الخزرج بن حارثة، هەروەها حارث بريتين له تيرەيەك، هەروەها عمرو حارثيان پێ دەوترێت، له خزرەج بن الحارث كعب پەيدا بوه، هەروەها كعبيش (ثعلبة و عدی) له دايكبوه، هەروەها بنی خەزرەج به (الخزرج بن الصريح بن التومان) ناوی هاتوه، كه له شاری مەدينه لەگەڵ ئەوس ژياون و چەندان شەڕی دورو درێژ له نێوانيان ڕويداوه، لەوانهش(بعاث و يوم الدريك)، بڕوانه: الكلبي، نسب معد، 390/1، ابن هشام، السيرة، 21/1، ابن حزم، جمهرة أنساب العرب، ص346، عمر بن رضا بن محمد، معجم قبائل العرب، 342/1.

([xiv]) معاويه له هەر يەكه له جەزيره و شام ئيقطاعی كشتوكاڵی تايبەت به خۆی و خانەوادەكه هەبو و يەكەم كەس بوه كه خاوەندی زەوی صوافی بو.بڕوانه: اليعقوبی، تاريخ اليعقوبی، ص163.

([xv])گروپێکی ئاینی توندڕەو بون، دوای بڕیاری خەلیفە علی بە پێکهاتن لەگەڵ معاویەو(التحکیم)، بەقورئانی پیرۆز، سوپای خەلیفە علی جیابونەوەو خەلیفەیان بە کافر داناو لە فەرمانی دەرچون، کە ژمارەیان بە هەزاران کەس بوەو بە (الحروية، الشراة، الحرارية، المارقة)، ناسراون، دواتر خەلیفە لە ڕێگەی گفتوگۆوە، توانی ژمارەیەکی زۆریان بگەڕێنێتەوە، ئەوانەی تریش چونە (النهروان)، دواتر لەساڵی(38ك/658ز)، خەلیفە بە سوپایەك ڕوبەڕویان بویەوەو توانی بەسەریاندا سەر بکەوێت. بڕوانە: خليفه بن خياط، تاريخ خليفة بن خياط، ص197، سفيان الفسوى، المعرفة والتاريخ، 315/3، البلاذرى، أنساب الأشراف، 348/2، أبو حسن الأشعرى، مقالات الإسلاميين، 112/1.

([xvi]) بۆ پتر زانیاری بگەڕێوە بۆ: عطا عبدالرحمن، حركات الخوارج، (سليمانية: 2007)، ص253.

([xvii]) شوێنکەوتوانی بە صالحيش ناسراون، لەبەرئەوەی مەیلیان بۆ ڕێبەرەکەیان (صالح بن مسرح) هەبوە، ئەمەش لەبەرئەوەی دوای بریندابونی و پێش کوژرانی لە شەڕێکدا بە شوێنکەوتوانی ڕاگەیاندوە، شەبیب بکەنە سەرکردەیان. الاسفرايني، الفرق بين الفرق وبيان الفرقة الناجيه، (بيروت:1977)، ص89.

([xviii]) بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم بزوتنەوەیە، لە کوردستان بڕوانە: عطا عبدالرحمن، حركات الخوارج، ص242-243.

([xix]) المرج: واتە مێرگ واتا ئەو مێرگ و دەشتە بەراوەی دەکەوتنە خواروی موصلەوە و تا ئاکرێ درێژ دەبوەو و چەند گوند و دێهاتی لەخۆ دەگرت. ياقوت الحموى، معجم البلدان، 337/2.

([xx])ناوی قوهستان لە بنەڕەتدا (کوهستان)ەو بە عەرەبی کراوە، کە کوە بە واتای(چیا) دێت و (ستان) بە واتای شوێن دێت. بڕوانە: السمعانی، الانساب،(حيدر آباد: ١٩٦٢ )، 515/10، ياقوت الحموى، معجم البلدان، 416/4، ابن الأثير، الباب فى تهذيب الانساب، (بيروت: ١٩٨٠)، 65/3، ابن العديم، بغية الطلب، 323/5.

([xxi])بڕوانە: نيشتيمان بشير، الاحوال السياسية والاجتماعية و الاقتصادية لغربي اقليم الجبال، (جامعة صلاح الدين:1994)، ص14-16.

([xxii]) بۆ پتر زانیاری بڕوانە: زرار صديق، کوردو کوردستان، ل38، النقشبندى، شارەزورو لوڕستانی باکور، ل34-36

([xxiii])بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: النقشبندى، شارەزورو لوڕستانی باکور، ل169-173، زرار صديق، کوردو کوردستان، ل20.

([xxiv])سەبارەت بە فەتحی نەهاوەند، زانیاریکان جیاوازن(19ك/640ز، 20ك/641ز، 21ك/642ز)، ئاماژەیان پێ دراوە، بەڵام زانیاریە دروستەکە ئەوەیە، کە لە (21ك) فەتحکراوە، چونکە زۆربەی سەرچاوەکان پشتڕاستی ئەو ساڵە دەکەنەوە بڕوانە: ابن سلام، كتاب الأموال، ص320، خليفة بن خياط، تاريخ خليفة بن خياط،(دمشق:1379ه), ص147، ابن حبيب، المحبر، (حيدرآباد: ١٩٤٢).ص14، البلاذرى، فتوح البلدان، ص299.

([xxv])بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی فەتحی شارەزور بڕوانە: البلاذرى، فتوح البلدان، ص296، اليعقوبى، تاريخ اليعقوبى، ص108، فائزه محمد، الكرد فى اقليم الجزيرة وشهرزور، ص152.

([xxvi])قەڵای (ماذاران)، کە ناوەکەی عەرەبی کراوەو سەرەتا ناوی (کسماداران)بوە، بڕوانە: القطيعى، مراصد الاطلاع، 1217/3.

([xxvii])ئەم قەڵایە دەکەوێتە نێوان(مرج قلعة و نەهاوەند)، کە لە نزیك نەهاوەندەو دوای فەتحی حەلوان فەتحکراوەو النسير خۆی و خزمەکانی لێ نیشتەجێ بون. القطيعى، مراصد الاطلاع،1371/3، ياقوت الحموى، معجم البلدان،285/5.

([xxviii])دوای ئەوەی پێغەمبەر(د.خ)، کۆچی دوایی کردو خەلیفە ابوبکر هاتە سەر دەسەڵات و بو بە خەلیفەی مسوڵمانان، یەکێك لەو کێشانەی، کە دەبو چارەسەری بکات بریتی بزوتنەوەی هەڵگەڕاوەکان، کە خۆی لە بەشێك لە هۆزەکانی عەرەبی لە (بنى أسد، غطفان، تميم...) دەبینییەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی بە تەواوەتی ئامادەی شەریعەتی ئیسلام نەبون و تەنها بە ڕواڵەت مسوڵمان بوبون و باوەڕیان لە دڵدا جێگیر نەبوبو، سەرەنجام لە ساڵی(2ك/623ز)، هەڵگەڕانەوەی خۆیان لە ئیسلام ڕاگەیاندو، ئامادە نەبون، کە زەکات بدەن و بچنە ژێر دەسەڵاتی خەلیفەوەو هەمویان لە وەفدێکدا هاتنە مەدینەو داوای بواردنیان لە دانی زەکات دەکرد و دەستیان بە گفتوگۆی ئاشتی کرد، بەڵام دوای ئەوەی ئەمە سەری نەگرت، خەلیفە سوربو لەسەر ئەوەی دەبێ پابەندی شەریعەتی خودا بن لە ڕو بەڕوبونەوەیەکی سەربازیدا توانی بەسەریاندا سەر بکەوێت و کۆتاییان پێ بێنێت. بڕوانە: الواقدي، كتاب الردة، دار الغرب، (1990)، ص49-52، خليفة بن خياط، تاريخ خليفة بن خياط، ص101-105، الياس شوفاني، حروب الردة، 150-154.

([xxix])ئەم کۆشکە دەکەوێتە ناوچەی دینەوەر، ئەمەش ئەوکاتە بوە، کەناوبراو والی هەمەدان ودینەوەر بوە، لەسەردەمی خەلیفە عومەر. البلاذرى، فتوح البلدان، ص349، ياقوت الحموى، معجم البلدان، 4/2،410/358،362،

([xxx])ئەم ژنە ئاوا ناسێنراوە(سميره امراة من بنى معاوية بن كعب بن ثعلبة..)، کە لە هۆزی تمیم بو و دیارە ددانەکانی نارێك بون. بڕوانە: البلاذرى، فتوح البلدان، ص301، الطبري، تاريخ الطبري، 147/4، ابن حزم، جمهرة أنساب العرب، ص205، ياقوت الحموى، معجم البلدان، 269/3.

([xxxi])بۆ زانیاری لەسەر ناو هەڵکەوتەی شارەزور بڕوانە: النقشبندی، شارەزور و لوڕستانی باکور، ل48-84.

([xxxii])یەکێکە لە گوندەکانی شارەزور، کە دەیلەمییەکان لە سەردەمی شاهانی ساسانی وەك پەناگەیەك بەکاریانهێناوە، بڕوانە: یاقوت الحموی، معجم البلدان، 544/2، القطیعی، مراصد الاطلاع، 580/2.

([xxxiii]) الحازمی، الأماكن، ص757، کی لسترنج، بلدان الخلافة الشرقیة، (د.م:1313-1371)، ص221-226.

([xxxiv])خەڵکی ئەم شـــارە لەســـەر مەزهەبی شـــیعەی زەیدی مســـولمان بون.الخزرجی، الرســـالة الثانیة، ص9- 10. ناوی ئەم شـــارە لە (یاقوت الحموی، معجم البلدان،375/3) بۆتە شیز.

([xxxv])یەکێکە لە ئاوەدانییەکانی شـارەزور و ناوی بە واتای نیوەی ڕێگا دێت، چونکە دەکەویتە نیوەی ڕێی نێوان شـاری مەدائن(طیسـفون) و (بیت النار الشـیز)، بڕوانە: ابن خرداذبة، المسالك والممالك، ص19،

([xxxvi])الادریسی، نزهة المشتاق، 669/2.

([xxxvii])بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: النقشبندی، شارەزور و لوڕستانی باکور، ل167.

([xxxviii])بەپێی ئەوەی خەواریجەکان حەزیان بەشـوێنێك بوەو کە مەیلیان بۆدەسـەڵات نەبێت و دژی بن و خەڵکی شـارەزوریش ئەو تایبەتمەندیەیان هەبوەو بۆیش لەوێ گیرساونەتەوە. بڕوانە: عطا عبدالرحمن، حركات الخوارج، ص233.

([xxxix]) بە فەرمانی خەلیفە مەروان (عامر بن ضـبارە)ڕاسـپێردراوە بۆ بەگژداچونەوەی شـەیبان، دوای شـکەسـتی لەبەرامبەر سـوپای مەروان لە سـنوری موصـل، چۆتە هەرێمی شارەزور. بڕوانە: خلیفة بن خیاط، تاریخ خلیفة بن خیاط، ص387.

([xl])یەکێك بوە لە ســەرکردە دیارەکانی خەواریجی صــەفری، ئەمەش بەبەڵگەی ئەوەی (120000)ســەدو بیســت هەزار جەنگاوەر بەیعەتیان پێیداوە لەســەر مەزهەبی صەفری. بڕوانە: الكلبی، جمهرة النسب، ص498.

([xli])بۆ زانیاریی ورد لەبارەی ناو و سـنوری تەواوی هەرێمەکە بڕوانە: النقشـبندی، آذربیجان فی العصرـ السـلجوقی، ص30، کوثر اسـماعیل حسـن، الحیاة الاقتصـادیە والاجنماعیە في اقلیمي آذربیجان و آران، ص9-12).

([xlii])بۆ زیاتر ناسینی ئاوەدانییەکانی ئازەربیجان. بڕوانە: النقشبندی، اذربیجان فی العصر السلجوقی، ص29-64.

([xliii])بڕوانە: کوثر اسماعیل حسن، الحیاة الاقتصادیة والاجتماعیة، ص12.

([xliv])بڕوانە: النقشبندی، آذربیجان فی العصر السلجوقی، ص66.

([xlv]) دەقی هەواڵەکە وەك خۆی: "إن العرب لما نزلت آذربـــیجان نزعت إلیها عشـائرها من المصرـین (الکوفة والبصرـة) والشـام وغلب کل قوم على ما أمکنهم وأبتاع بعضهم من العجم الأرضین وألجئت إلیهم القرى للخفارة، فصار أهلها مزارعین لهم"، البلاذری، فتوح البلدان، ص321-322، ابن الفقیه، البلدان، ص581.